پەیامی قیبلە

# پەیامی بەدواداچوون

## ڕەوشی خوێندن لە کوردستاندا

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

ژمارە

٣٩

دیزانی ناوەوە: عبدالله خاکی

دیزاینی بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (      )ی ساڵی (        )ی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە

پەیامی قیبلە

رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

# بەشێك لە كاری مەیدانی ماستەرنامەی نووسەر

# پەیامی بەدواداچوون

## پێداچوونەوەی: مامۆستا شەرمین

**پێشەکی:-**

هەموو ئەو نوسین بە بەدواداچوونانەی کە پێویست دەبوو بیان کەم بۆ پلەکانی خوێندم لە زانکۆو وە دواتر لە خوێندنی پاش زانکۆمدا ڕاستەوخۆ بە ئینگلیزی دام دەڕێژاو دواتر پێش ئەوەی پێشکەشی بکەم سەردانی بەشی یارمەتی قوتابیانم دەکرد بۆ ئەوەی چاوێکی لێ بکەن بۆم و پێشکەشی بکەم، وە ئەو قوتابیانەی کە دەهاتنە بەریتانیا بە مەبەستی خوێندنی باڵا لەلایەن حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراقیەوە زۆرجار باست و خواستی چۆنێتی نوسینی بەحسەکانمان دەهاتە کایەوە ئەوەی ئەوان هەموویان دووبارەیان دەکردەوە ئەوە بوو کە بەحسەکە بە کوردی وەیان عەرەبی بنوسرێت و دواتر وەربگێڕدرێت بۆ ئینگلیزی منیش ئەم خاڵە سەرنجی ڕاکێشام بڕیارم دا ئەوەی کە ماومە بینوسم لەسەر ئەو ئەزموونە بێت وە تەنها شتێك کە مامبوو نزیکەی سێ یەکی ماستەرەکەم بوو کە لەسەر ڕەوشی خوێندن لە کوردستاندا بوو لە دوای بەهاری 1991ی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی کوردستان، کە ئێستە لەبەردەستی بەڕێزتاندایە وە لە ئایندەشدا هەوڵ دەدەم تەواوی ئەو بەحسانەی کە کردوومن بۆ ماستەرەکەم بیان کەم بە کوردی و بڵاویان بکەمەوە بە مەبەستی سودگەیاندن بە

هاوزمانانم. ئەم بەحسە جەخت لەسەر خوێندن دەكات لە كوردستاندا لە دوای ساڵی 1991 وە بۆ ئەو مەبەستەو زیاتر قوڵ بوونەوەو لێك تێگەشتن لێی ناچار بووم لە ڕووی مێژووەوە هەندێك ڕوونكردنەوە بدەم هەروەك زۆرێك لە كێشەو شەڕەكانیش كە كاریگەریەكی زۆریان هەبووە لەسەر پرۆسەی خوێندن و فێركردن، وە ئەوەی دەبینرێت لەم كتێبەدا هەندێك دەستەواژە كە خوێنەر لەوانەوا وانەزانێت كە كورد نوسیویەتی بۆ نمونە: (نووسەر پێی وایە) كە وادەردەكەوێت كەسێكی تر نوسیبێتی لە زمانی منەوە كە ئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ باكگراوندی ئینگلیزیەكەو دواكردنی ئەو بەشەی كە من لێی دەخوێنم كە بەو شێوەیە بەلایانەوە پەسەندە وە هەروەها ڕوونكردنەوە لەسەر هەندێك شت كە بەلای كوردی خۆمانەوە ئاشكرایەو پێویست بە ڕوونكردنەوە نادات بەڵام چونكە نوسینەكە نوسینێكی ئەكادیمیەو دواتر دەچێتە بەردەم ئینگلیز ناچار بەو شێوەی لێ كراوە، بە ئومێدی بەرچاو ڕوونی و سود وەرگرتن لەو خاڵانەی كە دەستنیشان كراوە لەم كتێبەدا.

**عومەر عەلی 2009/08/13**

# خوێندنی ئینگلیزی لە کوردستاندا لە دوای 1991 تا ئێستە لەسەر: چۆنێتی، گۆڕینی مەنهەج، لاوازیەکان، بەهێزیەکان.

خۆشویستنی خاك و ووڵات زۆرجار وا لە هاوڵاتیانی دەکات بەدواداچوون لەسەر زۆر کارێك بکەن کە حەزی کەسەکە خۆی بۆلای ئەو کارە نەچێت، بەڵام بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەو ماف پێدانیان لەو بوارەدا ئەو مافە لەخۆی دەستێنێتەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی، گەر چی هەمووکەس مافی خۆشیەتی لەگەڵ حەزەکانی خۆیدا بێت لەکاری ڕەوادا. هەر ئەوە بوو کە وای لە نووسەر کرد بەدوای ئەم بابەتەدا بچێت، وەگەرچی گلەیەکی زۆریشی هەیە کە بەو ڕۆحیەتەوە بەدەمیەوە نەبوون چ لە ئاستی زانکۆو خوێندنگاکانی کوردستاندا وە چ لە ئاستی تەنانەت تاکیشدا، بەڵام هەرخۆی پێی وایە کە بەدەمەوە نەبوونی کەسانێك با

زۆریش بن نابێت ڕێگر بێت لەوەی کە نووسەر بەدەم ئەو کارەوە نەبێت مادام گەشتووەتە ئەو بڕوایەی سەرەنجامی ئەم کارە بۆ بەرژەوەندی گشتی دەگەڕێتەوە.

بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی باسێك لەم شێوەیە بەبڕوای نووسەر لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر جیاوازی هەیە، بۆ نمونە وولاتێکی وەك سین وە یان تایلەند کە ساڵانێکی زۆرەو مێژوویەکیان هەیە لەبواری فێربوونی ئینگلیزی و وە چەندەها قوتابخانەی هەمە جۆریان هەیە ئاسانترە گەر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. جا گەر ئێمە بێت و لێکۆڵینەوەیەك لە سەر خوێندنی ئینگلیزی بکەین لەسەر سین وە یان تایلەند دەبینین سەرچاوە گەلێکی یەکجار زۆر هەیە ئەویش لەبەر ئەو مێژووە[i] دوورەی کەهەیانە لەو بوارەدا، بەڵام وولاتێکی وەك کوردستان گەرچی زۆرێکیش بەوە قەڵس دەبن کە ناوی وولاتیشی لێ بهێنرێت، جیاوازی زۆرە لەگەڵ سین و تایلەنددا، چونکە ئێمە سەرچاوەمان ئەگەر هەش بێت زۆر کەمە، هەرچەند هۆکاریش زۆرن بۆ ئەمە بەبڕوای نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو نەهامەتیانەی کە کورد ڕووبەڕووی بۆتەوەو وە هەنکوکەش هەر بەردەوامە ! وە هۆکاری ئەو هەموو ڕووبەڕوو بونەوەی

کە بەردەوام ڕووو لە کوردستان بووە فاکتەرێکی یەکجار بەهێز بووە بۆ ئەوەی بیر لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی و وە زۆرێك لە پێش کەوتنەکان نەکەنەوە، چونکە زیاتر هەر لە دۆخی بەرگری کردندا بوون، وە بیرکرنەوە لە پێش کەووتن دوای ئازادی و سەربەخۆیی دێت هەر بۆیە نووسەر پێی وایە نابێت کەسانێك ئەو تانەی لێ بدەن، وەگەر سەیر بکەن دەبینین ئەو کوردستانە پارچە پارچەکراون بەسەر چەندەها ووڵاتدا بەشێوەیەکی سەرەکی بەسەر ئەم ووڵاتانەدا:

عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، هەروەك ڕێژەیەکی زۆریشی لە ووڵاتانی تر هەیە، وە جگە لەوەش کە ڕێژەیەکی زۆریشی بەچەندەها وەسیلەی جۆراو جۆر کۆچیان کردووە بۆ ووڵاتانی دەرەوەو ماونەتەوە تێیدا، کە ئەویش بەئاشکرا ئێستە دەبینرێن بەتایبەت لە ووڵاتانی ئەوروپادا. ئەم کۆچەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ نەهامەتیەکانی ئەو ووڵاتە، گەر ئێمە بمانەوێت نەهامەتیەکانی کوردستان دەستنیشان بکەین هەموو باسەکە داگیر دەکات و ڕێژەی دیاری کراوی ووشەکان بۆ ئەم باسە ڕێگەمان پێ نادات ناوەرۆکی باسەکە باس بکەین، لەبەر ئەوە ناچار دەبین واز لە دەستنیشان کردنی هەموو ئەو ڕاستیانە

بهێنن و زۆر کورتیان بکەینەوە، باس کردن لە مێژوویەکی خوێناوی لە جێگەیەکی وەك ئەم باسەدا گەرچی کەسانێکیش لەگەڵیدا نەبن بەڵام بە بڕوای نووسەر زۆر پێویستە دەست نیشان بکرێت لەبەر سێ هۆی سەرەکی:

**یەکەم:** زۆرێك بیریان زۆر بڵاوە لەسەر کوردستان و جۆرە نا تێگەیشتنێك هەیە لەسەری.

**دووهەم:** کاتیك باس لە حاڵەتێکی ئەو وڵاتە دەکرێت گرنگە خوێنەر بزانێت کوێیە، چونکە گونجاو نی یە خوێنەر لێکۆڵینەوەیەکی تا ڕادە وورد لەسەر وڵاتێك بزانێت و دواتر نەزانێ ئەو وڵاتە کوێیە.

**سێهەم:** تا هۆی لاوازی پێشکەوتنی زمان بەدەر بخات کە کورد لە چ تەنگژەیەکدا بووە هۆکاری گرفتەکان پاڵنەربوون لە دواکەوتنی.

لێرەدا بەکورتی لەبەر نەبوونی ڕێژەی ووشە، زۆر کورتەیەك لەسەر کوردستان باس دەکەین و دواتر ڕاستەوخۆ ناوەرۆکی باسەکەمان شی دەکەینەوە.


له مێژوودا کوردستان زەمەنێك هەبووە کە کورد خاوەن کیانی تایبەتی خۆی بووەو دەوڵەتی دامەزراندووە کە بەناوبانگە بە کۆماری مەهابات کە لە ساڵی 1945 بۆ ساڵی 1946 (قەرەداخی:لا 4). هەرچەند ماوەکەی 11 مانگ بوو بەڵام تا ئێستەش مایەی شانازیە بۆ کوردەکان. وە زۆر لە ناودارانی ئینگلیز لەسەر کۆماری کوردستان مەهاباتیان نوسیوەو باسیان لێوە کردووە لەبەر تێکەڵی کوردەکان لە گەڵ ئینگلیزدا هەر لەو کاتەوە وە لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا بوون (نەوزاد مەجید& خدر سەرمۆردی:1946). هەر بۆیە کەم کەس هەیە لە ئێستەدا ناوی کوردستانی نەبیستبێت بەڵام زۆرکەس هەیە کە نازانێ ئەو کوردستانە کوێیە. وە کاتێکیش باس لە کۆماری مهابات دەکرێت بێ گومان مێژووی کورد بۆ زۆر لەوەو پێش دەگەڕێتەوە (قەرەداخی: 2007، لا 1-7). کاتێك دەوترێت کوردستان بەشێوەیەکی گشتی واتە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو باکورو باشوری کوردستان، کە ئێستە دابەشن بەسەر چوار وڵاتدا کە ئەوانیش ئێران، سوریا، عێراق، تورکیا.

کورد بە هەموو پارچەکانیەوە زیاتر لە 30،000000سی میلیۆن پێك دەهێنێ. خاکەکەی 410،000 هەزار مەتر چوار گۆشەیە

. (BERBEROGLU: 56)

بەڵام زۆرینەی بەسەر ئەم چوار وولاتەدا دابەش بوون وەك لە وێنەکەدا دەردەکەویت.

**ڕێژەی کورد**



ii

وەك لە گرافیکەکەدا دەردەکەوێت بەم شێوەیە:

تورکیا 15.4 میلیۆن.

سوریا 1.3 ملیۆن.

عێراق 4.3 ملیۆن.

ئێران 6.8 ملیۆن.

ئەوەی سەرەوە تەنها وولاتە سەرەکیەکانن وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن، وە گومان لەوەدا نی یە کە لەو ڕێژەی دەستنیشان کراوە زۆرترە بەلاَم بەهۆی تێکەڵ کردنی کورد بە نەژادە جیاجیاکانەوە هەردەم هەوڵ دراوە کەم نیشان بدرێت.

وە کوردستانی باشور کە دەکاتە ئەو پارچەی کە بەر عێراق کەوتووەو ئێستە جۆرێك لە سەربەخۆی وەرگرتووەو خاوەن سەرۆك[iii] و پەرلەمانی[iv] خۆیەتی ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پارچەیە.

کاتێك ئەو هەموو نەهامەتیەی کە بەسەر کورددا هاتووە بەبیر دێتەوە وەك هەندێکی کە نووسەر خۆی بەژدار بووە تێیدا بەتایبەت دوای ساڵی 1991تا ئێستە وە ئەوانی تریشی لە مێژووەوە خوێندووەتەوە بەسەیری مەزانن کە بڵێ منیش ئینگلیزم لەبیر نەما، ئەمەیە هۆکارێکی زۆرگرنگی دواکەووتنی ئەو وولاتە ستەم دیدەیە لەبوارەکانی فیربوون و پێشکەوتندا.

**چوار پارچەی کوردستان ئێستە پێك دێت لەمانە:**

ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکوری عێراق، باکوری ڕۆژئاوای ئێران، باکوری سوریا، وە هەروەها بەشێکی کەمیش لە ئازەربایجان و ئەرمەنیا[٧] باشترو جوانترە بەلای کوردەکانەوە ئەوەیە بوترێت کوردستان بۆ هەمووی وە بۆ جیاکردنەوەی ئەم دەستەواژانە بەکاربێت کوردستانی باشور کە کوردستانی عێراق دەکات، کوردستانی باکور کە کوردستانی تورکیا دەکات، کوردستانی ڕۆژهەڵات کە کوردستانی ئێران دەکات، کوردستانی ڕۆژئاوا کە کوردستانی سوریا دەکات، کە هەر چوار پارچەکە پێك دێنێت و بەسەر ئەو چوار وولاتە سەرەکیەدا دابەش بوون، ئیتر بەشە چکۆلانەکانی تر زۆر گرفتی تێدا نی یە لە ڕووی جوغرافیاوە ئەوەی زیاتر کورد داکۆکی لێ دەکات و بەچەندەها ساڵ خوێنی لە پێناودا ڕژاندووەو بە خاکی خۆی دەزانێ ئەو چوار پارچەیە، وە هۆی نەبوونی یەکپارچەیشە کەوای کردووە زیاتر کوردەکان بەربڵاو بن و بیرۆکەی کۆچ کردن بەلایانەوە پەسەند بێت چونکە هەر یەك لەو پارچانە لەبەر ئەوەی لە ژێر دەستەڵاتی وولاتانی تردا

بوون و هەر سەردەمەو بە جۆرێك لە جۆرەكانی توندڕەوی ستەم لە كوردەكان كراوە وەك كوشتن، زیندانی،كۆچ پێ كردن، مامەڵەی خراپی نامرۆڤانە، قەدەغەكردنی زمان، قەدەغەكردنی جل و بەرگ، ماڵ و سامانی تایبەتی داگیر كردن وە چەندەها شتی تر. سەرئەنجامی ئەو هەموو ستەمانە بووە ئێستە دەبینرێت ڕێژەی زۆر لە كوردەكان لە وولاتانی ڕۆژئاواو ئەمەریكاو وە زۆر شوێنی تر( د.سەردەشتی: 2007،لا 26-42)، وەهۆكاری ئەو كۆچانەش دەگەڕێتەوە بۆ هێزێكی زۆر لەسەر كوردەكان چی مادی بێت وە چی مەعنەوی، مادیەكان وەك زوڵم و ستەمی بەرچاوو ئیهانەو، سامان داگیر كردن، مەعنەویەكانیش وەك لە دەستدانی وولات و بەدەستكەوتنی بە كەسانی بێگانەو ئیهانەكردن و شەڕی دەرونی ئەو وولاتانەی كە كوردستانی بەسەردا دابەش كراوە، وە ئەو چوار وولاتەی كە كوردستانی بەسەردا دابەش بووە سێ زمانی جیاواز قسە دەكەن، فارسی كە زمانی ئێرانیەكانە[vi]، توركی كە زمانی توركەكانە[vii]، عەرەبی كە زمانی عێراقی و سوریەكانە[viii]، جگە لە چەندەها لەهجاتی جۆراو جۆریش كە هەن، زۆری ئەو زمان و لەهجەكان و ستەم كردن لە كوردەكان هۆكارێكی زۆر

گرنگ بوون كه بەدوای زمانی پێشكەوتندا نەگەڕێن بۆ نمونە وەك زمانی ئینگلیزی، چونكە لە هەریەك لەو وولاتانەدا زۆرجار بە زۆر زمانیان سەپێنراوە بەسەردا ئەمەش وای كردووە زۆرێك ڕقیان لە زمان ببێتەوەو ئەو بیرۆكە زاڵ بووەو وا زانراوە ئەگەر زمانێك فێر بیت فەزڵی ئەو زمانە دەبێت بەسەر زمانی خۆتدا بدەیت وەك توركەكان زیاتر ئەمەیان كردووە، وە سەرەنجامی ئەو ستەمانەو بەرەوناچار بردنی كوردەكان بۆ زمانی تر كاتی ئەوە نەڕەخساوە كە كوردەكان خۆیان بە ئارەزوومەندانە بۆ زمانی تر بچن، هەروەك جێگەی خۆشیەتی بوترێت هەرچەند زمانی ئینگلیزی جەماوەرێكی خۆی هەیەو بە زمانی یەكەم دەزانرێت بەڵام لە كوردستاندا بەو چاوەوە سەیر نەكراوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ پێویست نەبوونی هاوڵاتیان پێی هەر كوردێك لە هەر پارچەیەكی كوردستان ژیا بێت زمانی ئەو وولاتەی لە پێشتر زانیوە بۆ فێربوونی لەبەر پێداویستی ڕۆژانەو وە وەك سەرچاوەیەكیش بۆ ژیانی وەك كار كردن لەگەڵ هاوڵاتیاندا، هەروەك چۆن ئێستە زۆرێك كە هەوڵی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەدات لەبەر خۆشویستن و حەزی فێربوونی زمانەكە نی یە بۆی، وەیان بۆ ئەوە نایخوێنی

کە پێش بکەوێت بەڵکو وەك سەرچاوەیەکی گرنگ تێی دەڕوانێت بۆ دۆزینەوەی ئیشی باشتر، جا زمانی ئینگلیزی نەبووەتە ئەو هۆکارە تا هاولاتیان بە پەرۆش بن بۆی، وە لە قوتابخانەکانی هەر چوار وولاتی کوردستانی دابەش کراو بەسەریدا کوردەکان جگە لە زمانی خۆیان کە لە ماڵەوە قسەیان پێ کردووە زمانی ئەو وولاتەش پانتایەکی زۆری گرتووە لە خوێندنیاندا، وە زمانی ئینگلیزی لەسەرەتای خوێندندا لەگەڵیدا نەبوون، بەڵکو دوای بەلانی کەمەوە چوار پێنج ساڵ دەستیان پێ کردووە، وە بەشێوەیەکی کرچ و کاڵیش وە وەك ئەوەی کە مەنهەجەو دەبێت بخوێنرێت نەك وەك ئەوەی کە پێویستیەکەو دەبێت فێر ببن، وە ئەو مامۆستایانەش بەشێوەیەکی گشتی کە زمانی ئینگلیزیان ووتووەتەوە زۆر کەمی تێدا بووە کە پسپۆڕ بێت تێیدا چونکە شتەکان زیاتر لە دونیای نەزەریدا بووە ئەو هەلەی بۆ وولاتانی تر ڕەخساوە بۆ تێکەڵی لەگەڵ ئینگلیزیداو هاتووچۆی وولاتانی ئینگلیز کوردەکان وە بەتایبەتی تر کوردستانی باشوور ئەو دەرفەتەی نەبووە بەهۆی نەبوونی مافی سەفەر کردن وە هەنوکە لە کوردستانی باشووردا ئەو دەرفەتە هەر زۆر زۆر کەمە کە کەسێك بتوانێ بۆ نمونە

سەفەرێکی بەریتانیا بکات کە وولاتێکی ئینگلیز زمانە، ئەوەندە کێشە لەبەردەمیدا هەیە هەر لە ئاستی وولاتەوە تا دەگاتە خودی خۆی هەموو ئەوانە ڕێگرە لەوەی زمانێك کە بە نەزەری فێر بووە بە عەمەلی بەکاری بهێنێت، وە دەورووو بەریش بە قەدەریش ئاستەمە کە کەسێك دەست بکەوێت بە زمانی ئینگلیزی قسەی لەگەڵدا بکەیت، ئیتر هەرچەند بووترێت زمانی ئینگلزی یەکەم زمانە لە جیهاندا ئەو سودەی نییە، وە مێژووی ئینگلیزیش لە کوردستاندا مێژوویەی پاکی نی یە بۆ نمونە ئەو کاتانەی کە کوردستان پێویستی بە یارمەتی دەرەوە هەبووە هەرکەس هاتووە بەناوی یارمەتییەوە کە یارمەتی داوە دوای دەرکەوتووە مەبەست لە یارمەتی دانەکە سۆزێکی مرۆڤانە نەبووە، بەڵکو بەرژەوەندیەکی تاکی ئەو وولاتە بووە کە بەهانای کوردەوە هاتووە وە لە نێوەندیشیاندا بەریتانیا مێژوویەکی ڕەشی تۆمار کردووە لە نێو کوردەکاندا هەرچەند هەنوکەش کورد خۆی بە دۆستی ئینگلیز دەزانێ، ناودارانی ئینگلیزی لە مێژەوە دیراسەی هەمەجۆری کوردستانیان کردووەو لاوازیەکانیان بە هەند وەرگرتووە بۆ خۆیان وەك لە کتێبی کوردو کوردستاندا دەردەکەوێت کە لە لایەن کۆمەڵێك

ئەفسەری ئینگلیزەوە نوسراوە(نێرگسەجاڕی و جاف: 2002)،ئەوەی لەو کتێبەدا دەردەکەوێت دیراسەی هەموو کوردستان لە ڕووی جوغرافیاوە ئەو وولاتە دەردەخان کە چۆن چۆنینە هەتا چەند شاخ و دۆڵیشی تێدایە بە ناوەکانیشیەوە، لەگەڵ دیراسەیەکی ووردی کەسێتی کوردەکان بە سەرکردەکانیەوە، لە کوردستاندا خەڵکی بە نەفسێتێکی بەرزەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات بەشێوەیەکی گشتی ئەمەش وای کردووە کە زۆرجار بە سودی خەڵکەکەدا نەشکێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر کەسێکی نەناس میوانداری کەسێکی کرد ئەوەی لە توانایدا هەبێت بەرانبەر ئەو کەسە دەیکات ئەم کەلتورە دەتوانم بڵێم لە ئیسلامەوە وەرگیراوە،هەروەك چۆن خوای گەورە لە قورئاندا لەبەسەرهاتی پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە ( هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ضَيۡفِ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ ) ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا هەواڵی میوانە بەڕێزەکانی ئیبراهیمت پێنەگەیشتووە ؟

(إِذۡ دَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَقَالُواْ سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞ قَوۡمٞ مُّنكَرُونَ)

کاتێک چوون بۆ سەردانی و وتیان: سڵاو، ئەویش وتی، سڵاو لەئێوەش بێت، هەرچەندەناتانناسم .

(فَرَاغَ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ فَجَآءَ بِعِجۡلٖ سَمِينٖ)
ئەوسا ئیتر خۆی دزیەوە چوو بۆ هاوکاری خێزانی گوێرەکەیەکی قەڵەوی (سەری بڕی و سووریانکردەوەو) هێنای .
(فَقَرَّبَهُۥٓ إِلَيۡهِمۡ قَالَ أَلَا تَأۡكُلُونَ)
بردی و لێی نزیک کردنەوە،، فەرمووی لێکردن کەبینی ناخۆن، وتی: ئەوەنا فەرموون، ئەوەناخۆن ؟! (سورەتی الذاریان ئایەتی 24-27).
لەم ئایەتانەوە وەرگیراوە کەمیوان دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت و خزمەتی باشیشی بکرێت، هەربۆیە کاتێك ئینگلیزەکان میوانداری کوردەکانیان کردووە کوردەکان بە هەموو توانایەکیانەوە بەدەمیانەوە بوون و خزمەتی باشیان کردوون، بەڵام ئەوەی کە کوردەکان بێ ئاگا بوون لێی متمانە دانە بە کەسەکان بەبێ ڕەچاوی ناسینی تەواوی بەرانبەر هەربۆیە ئەو خزمەتەی کە هاوڵاتیانی کورد کردوویانە بەرانبەر ئینگلیز، ئینگلیزەکان بەهەند وەریان گرتووە بۆ خۆیان ئەمە دواتر سەرەنجامەکانی دەرکەوتووە هەربۆیە ئێستە زۆرێك نیگەرانن بەرانبەر ئینگلیز بەڵام لە ئاستی دەوڵەتدا بۆ نمونە کوردستان

لەگەڵ بەریتانیا وە هەروەها ئەمەریکا دۆستایەتیەکی بتەو هەیە هەرچەند ئەمیش جێگەی لۆمەیە لەلایەن زۆرێك لە ڕۆشنبیرانەوە کە دەڵێن سەرکردەکانی کورد بە گوێرەی پێویست مافی خۆیان وەرنەگرتووە کە ئێستە لە ژێر دەستەڵاتی بەریتانیاو ئەمەریکایە، ئەمەش نووسەر دەتوانێت بڵێت تاڕادەیەك ڕاستە ئەزموونی ساڵی 1991 تا 2003 و وە تا ئێستەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کاتیك ئەمەریکا لە عێراقی دا لە ساڵی 1991داو وە بە ئەو یارمەتیە پێشمەرگەی کوردی توانیان هەندێك لە خاکە داگیرکراوەکانیان بگەڕێننەوە ژێر دەستەڵاتی خۆیان، بەڵام ئەگەر ئەمەریکا یارمەتی دەربوایە دەیتوانی جۆرێك لە سەربەخۆی تەواو بە کوردەکان بدات، بەڵام هەر لە هەمان ساڵداو دوای ئازاد کردنی کەرکوك بەماوەیەکی کەم کەوتەوە ژێر دەستی ڕژێمی بەعس. کەرکوك هەر لە مێژەوە جێگەیەکی زۆر حەساسی ناکۆکی نێوان بووە[ix]، بەڵام لێرەدا دەبێت دەستەڵاتدارانی کوردیش بناسێنین کە ئەوانیش کەمتەرخەم بوون بەرانبەر دەستکەوتەکانی کوردو زۆرینەی سودیان بۆ باخەڵی خۆیان قۆزتووەتەوە هەر سەرەنجامی ئەوە بوو لەو ئانوساتانەی دوای ئازاد کردنی کوردستانی باشوور

هەر دوو هێزی دەستەڵاتداری پارتی و یەکێتی دووبەرەی بەرانبەریان زیندوو کردەوە لە نیوان کوردەکانداو هەریەکەو هەوڵی بەرز ڕاگرتنی ئاڵاکەی خۆی دەدا نەك ئاڵای کوردستان، لەبری ئەوەی بەردەوام لە دانوستان و چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕژیمی بەعسدا بیکەن و هەوڵی بەهێز کردنی سەربازی خۆیان بدەن ئەو توانا لە دژی یەکتر کەوتەکارو بە هەزارەها کورد بوونە قوربانی کورسی دەسەڵاتداران، ئەو ڕژێمەی کە بە دوژمنی هەرە سەرەکی کورد دادەنرێت پەنای پێ براو دەبابەکانی هاتنە پایتەختی کوردستان کە ئەم باسە بە 31ی ئاب بەناو بانگە[x]، بۆ یارمەتی دانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. کە هەردووکیان دوو حیزبی سەرەکەی قەومی کوردستانن یەکێتی نیشتمانی کوردستان[xi] و، پارتی دیموکراتی کوردستان[xii]، وە هۆکاری شەڕەکانی[xiii] نیوان یەکێتی و پارتی فاکتەرێکی بەهێز بوو بۆ دوور کەوتنەوەی خەڵك لە خوێندن، چونکە هێزی دەستەڵات لەدەست ئەو دوو هێزەدا بوون لەبری ئەوەی بایەخ بە وولات و ئاوەدانی بدرێت و خوێندن بەرەو پێش ببرێت تواناکان بە یەکتر کوشتن بەکار دەهات ئیتر هاوڵاتیانی کوردستان هەر لە خەمی خۆ

پاراستن و بژێوی پەیدا کردندا بوون، هەرچەند خوێندن خۆی بۆ خۆی هەر لاواز بوو بەڵام هۆکاری کێشەی زۆری بەردەوام خەڵکی لە خوێندن دەتەکاندەوە چونکە ئاشکرایە خوێندن با بە بەلاشیش بێت ئەگەر کەسەکە دەرامەتی نەبوو ناتوانێت برەوی پێ بدات با حەزیشی لێ بکات جا چ جای ئەوەش شەڕو ئاژاوەش بەربڵاو بێت، بۆ نمونە لە بەریتانیا کاتێك حکوومەت زۆر لە خەڵکی دەکات کە منداڵەکانیان بخوێنن لەبەرانبەر ئەوەدا زەمینەشی بۆ سازاندوون بۆ خوێندن کە هەر منداڵەو ئەوەندە پارەی پێ دەدات ئەگەر بە چاکیش پێی نەژی دەتوانی پێداویستیە سەرەکیەکانی دابین بکات، بەڵام لە کوردستاندا تا ئێستەش منداڵ مووچەی خۆی نی یە، وە زۆرێك لە دایك و باوکانیش هیچ مووچەیەکیان نی یەو ناچارن چەندەها ڕێگە بگرنە بەر بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، وە ناچار دەبن زۆر جار منداڵەکانیشیان بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنن، وە شەڕو ئاژاوەی ناو حیزبەکان هەر بە ئەوەوە نەوەستا کە ئەو دووپارتە شەڕ بکەن بەڵکو دواتر شەڕەکانی نێوان یەکێتی و پەکەکە، وە یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ڕوویداو لەو نێوەندەشتا لەبەر نەبوونی داتایەکی دروست ناتوانرێت

ڕێژەی کوژراوان دیاری بکرێت بەڵام بە بڕوای نووسەر لە هەزاراندایە، کێشەی ئەم شەڕو پێکدادانە کەم خێزان هەیە بەدوور بووبێت لێی لەبەر کۆمەڵێك هۆکار.

1-زۆرێك لە هاوڵاتیان و شەڕکەران ئەندامی پارتێك بوون و بە بەشداری و بەشدار نەکردنی بەو مەسەلەوە گلاون.

2-شەڕەکان کەم ناوچە هەیە نەیگرتبێتەوە، بۆ نمونە ئەو ناوچەی کە نووسەر لێی ژیاوە باچاوی خۆی کوشتنی بینیوە کە چۆن ڕۆڵەکانی ئەو وولاتە کراون بە قوربانی و مێشك بەئاشکراو لەبەرچاوی خەڵکی بژاوە.

کاتێك ووڵات بەو شێوە بەرچاویە کێشەی تێدا بێت و وە ووڵاتەکە خۆی بۆ خۆی کێشەی تری دەرەوەش هەر ببێت هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ دوورکەوتنەوەی هاوڵاتیان لە خوێندن و پێش کەوتن.

وە دوای لێدانی عێراق بۆ جاری دووهەم لە ساڵی 2003دا کە بەریتانیاو ئەمەریکا عێراقیان داگیر کرد خۆشویستنی کوردەکان بۆ ئەم دوو ووڵاتە ئەوەندە بەهێز بوو بەو

داگیرکاریەیان نە دەووت داگیر کردن بەڵکو دەستەواژەیەکی تایبەتیان بۆ بەکار دەهێناو هەنوکەش وەکو دەستەڵات شانازی پێوە دەکەن کە هاوپەیمانێتی یە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستە گەر چی ناوچە کوردیەکان تا ڕادەیەکی باش ئارامن بەڵام کێشە سیاسیەکان هەر درێژەی هەیەو ئەو متمانەی کوردەکان بە بەریتانیاو ئەمەریکا هەیان بوو دووبارە لە ناخی کوردەکاندا مردن و ئەو بڕوای کە خەریك بوو دەمردن هەم دیسان زیندوو بوونەوە، وە هێزەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا ئێستە لەناو خەڵکدا بەداگیرکەرو بەرژەوەندی تاکی وەسف دەکەن. گەرچی ئومێدی ئەوە نەدەکرا ئەو وولاتە بەم شێوەیە خوێناوی بکرێت بەڵام وا ئێستە خەریکە ووردە ووردە دەکەوێتەوە سەرخۆی دووبارە، وە ئەوەی کە ئێستە خەریکە دەبێتە دیاردە کردنەوەی پەیمانگاو زانکۆی ئەهلی یە لە شارەکانی کوردستانداو زۆربوونی حەزی خەڵکی یە لە زمانی ئینگلیزی لەبەر ئەو دەرفەتەی کە ڕەخساوە زانکۆی ئینگلیزی لە کوردستاندا[xiv] هەبێت و قوتابیان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت ئەوەی کە بە نەزەری دەیخوێنن ئەگەر کەمیش بێت دەرفەتی بە عەمەلی کردن هەیە، وە جگە لەوەش زانکۆی تر هەیە بە زمانی ئینگلیزی وانەکان دەخوێنرێت[xv]،

وه هەروەها زۆرێك لە كۆمپانیای حكوومی و ئەهلی لە كوردستان كراوەتەوە وە تێیاندا هەیە زمانی ئینگلیزی بە مەرج دەگرێت بۆ وەرگرتنی كارمەند جا ئەمە دەتوانرێت بووترێت هاندەری باشن بۆ فێر بوون.

ئەوەی لە سەرەوە باسكرا نووسەر بەلایەوە گرنگ بوو وەك دەستپێكێك بۆ ئەم بەحسە ئاماژەی پێ بكات بۆ زیاتر گەشتن لە كوردستان و كیشەكانی و پرۆسەی خوێندن كە زیاتر لەم بەحسەدا مەبەستە، هەرچەند لەو باسەی سەرەوەدا زیاتر سیاسی و مێژووییە بەڵام پرۆسەی خوێندن لە كوردستانەوە كێشە سیاسیەكان كاریگەری نەگەتیڤیان لەسەری هەبووەو هەنكوكەش بەردەوامە، وە لەبەری لادانی باسەكەو درێژ كردنەوەی زیاتر لە ئاستی دیار كراو بۆ ئەم باسە نەبوایە شیكاری هەموو شەڕەكانمان دەكردوو ئەو بەڵگەنامانەمان دەخستە بەردەست كە شەڕەكانیان لەسەر هەڵگیرساوە كە ئێستە زۆرێكیان سەنتەری لێكۆڵنەوەی سیاسی-نەرویج باسی لێوەكردوون لە سایتی ئەزموون[xvi] كە خالید ڕەنجدەر سەرپەرشتی دەكات وە هەروەها نوسراوەكانی نەوشیروان مستەفا بەناوی خەون یان مۆتەكە هەر بۆیە ئاماژە پێكردنیان

به بڕوای نووسەر گرنگ بوون، هەرچەند زۆرێك لە کێشەکانی تری خوێندن لە کوردستاندا پەیوەستن بە کێشەو بڕیارە سیاسیەکان و ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە کوردستان تێیدایە هەربۆیە دەرباز بوون لە باسی سیاسی لەگەڵ ئەم باسەدا کە لەسەر کوردستاندا دەرباز بوون لێی کارێکی نەگونجاوە، لێرەدا دێینە سەر باس و خواستی خوێند بەشێوەیەکی گشتی دوای 1991 لە کوردستان و تاوتوێ کردنیان.

لێرەوە نووسەر بەلایەوە گرنگە زۆر بە کورتی و خێرای دەستنیشانێکی خوێندن بکات پێش ساڵی 1991 کاتی دەستەڵاتدارێتی حکوومەتی بەعس لە کوردستاندا.

حکوومەتی بەعس حکوومەتێکی دیکتاتۆر بوو بە پلەیەکی بەرز خەڵکی بەهیچ شێوەیەك ئازادیەکانی خۆی نەدەتوانی دەستەبەر بکات ئەو دیکتاتۆریە هەموو کونج و بنەکانی ژیانی گرتبووەوە لەو نێوەندەشدا خوێندن، هەر بۆیە لە کاتی جینۆساید کردندا قوتابخانەو کتێبەکانیش لەگەڵ مرۆڤەکاندا جینۆساید دەکران، لە مەدای دەستەڵاتدارێتیدا عێراق بە شێوەیەکی گشتی و کوردستان زۆر بە تایبەتی وەك ئاوێکی وەستاوو کەسێکی

بێ دەست و زمانی لێ کرد بەشێوەیەك هیچ تاکێکی کورد نەبوو دڵ هەتا بە بوونیشی خۆش بکات هەمووی وەك بەلاشە زیندوو بەڕۆح مردوو بوو[xvii]، مەگەر کەسێك سەر بەدەستەڵاتەکە بوو بێت ئەویش ئەگەر کورد بوایە مایەی سەر شۆڕی بوو بۆی چونکە لە ناخی کوردەکاندا ئەوە چەسپی بوو کە دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ حکوومەتێکی وەك بەعسدا بریتیە لە خیانەت لە خاك و ووڵات کەواتە دەتوانرێت بووترێت هیچ کوردێك بە هەردوو بەشەکەیەوە چ ئەوەی لەگەڵ حکوومەت بوو وە چ ئەوەشی بە پێچەوانەوە خاوەنی ئازادی خۆیان نەبوون، هەموو کەس هەتا بە ژن و منداڵیشەوە بەردەوام موعەرەز بوون بۆ گرتن و لەناو بردن، چونکە لە یاسای حکوومەتی بەعسدا ئەگەر کەسێك سەرپێچی یاسای دیکتاتۆری ئەوی بکردایە زۆر کەسی پێوە دەگلاند لە خزم و کەسوکارو هەتا هاوڕێش، لێرەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە هیچ کەس نەیدەتوانی لە خۆی ئەمین بێت چونکە موعەرەزە بگیرێ و لەناو ببرێت هەتا بەهۆی کەسێکی ترەوەش، جا هۆی بەردەوامی ئەم حکوومەتە وە هۆی سیخوڕی زۆر لەناو خەڵکدا هیچ شتێك مانای تەواوی خۆی نەمابوو، وە هیچ شتێك

نەبوو کە هاوڵاتیان دڵی پێ خۆش بکەن تەنانەت خوێندیش، هەربۆیە ئەوەندەی خەڵك هەوڵی خۆ دەرباز کردنی دەدا لەو حکوومەتە ئەوەندە هەوڵی خوێندنی نەدەدا چونکە لەناو خوێندنیشدا سیخوڕیەکی یەکجار هەبوون وە ئەو یاساش تێکەڵ بە خوێندن کرابوو[xviii]، لە قوتابخانەکاندا زۆرجار پرسیار هاتووەتەوە لەسەر حکوومەت بەڵام مامۆستاکان بە قوتابیەکانیان ووتوە تا نەکەونە کێشەوە بۆ نمونە پرسیاری لەم شێوە: ئایا حکوومەتی بەعس دیموکراتیە یان دیکتاتۆریە دەبوایە دەستەواژەی ڕاست لە یەکێکیان بدرایە بەڵام هەر زوو مامۆستاکە بە دەنگی بەرز دەیووت بۆ ئەوەی نەوەك بەهەڵەدا بچن من یارمەتیتان دەدەم لەم پرسیارەدا هێمای ڕاست لە دیموکراتیەکە بدەن، چونکە لە ناخی مامۆستاکەدا ئەوە چەسپی بوو ئەگەر کەسێك بەهەڵەش هێمای ڕاست لە دیکتاتۆریەکە بدات لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت وە دووریش نی یە ملیشێ بپەڕێنرێت لەبری، وە هەروەها ئەگەر قوتابیەکیش ئەو کارەی بکردایە وەك وابێت بەدەستی خۆی قەبری بۆ خێزانەکەشی هەڵکەندبێ، چونکە حکوومەتی بەعس دواتر بەو شێوەیە

تەفسیری دەکرد کە ئەم منداڵە دیارە لەماڵەوە ئەوەی تێگەیەنراوە کە ئەم حکوومەتە دیکتاتۆریە.

وە شەرەکانی نێوان عێراق و ئێرانیش کاریگەری نەگەتیڤی لەنێو کۆمەڵگەدا بەجی هێشت و لە زەمەنی شەڕیشدا بێگومان هەر کاریگەر بوو لەبەر گرتنەوەی ناوچەوە جیا جیاکان و تێوەگلانی خەڵکی،

.(Rajee: 2002: p32-39)

زۆرجار قوتابی لە پۆلدا بووە دەنگی تۆپ و تەیارە هاتووە مامۆستا یەکسەر بە قوتابیەکانی ووتووە ڕاکەنەوە بۆ ماڵ ئێوانیش هەر بە قیژ و قاژ تا ماڵەوە نەوەستاون.

لە سەردەمی بەعسدا خوێندنی ئینگلیزی لە پۆلی پێنجەمەوە دەستی پێ دەکرد، واتە چوار ساڵی خوێندن قوتابیان بێ بەش بوون لە فێربوونی ئینگلیزی، وە لە پۆلی پێنجەم هەموو ئەو ساڵە چەند شتێکی سەرەتای دەخوێنرا وەك ئاڵفەبەدی ئینگلیزی و هەندێك شتی زۆر سەرەتایی و وەك بە پەنجەرە دەڵێن چی و بە دەرگا دەڵێن چی، هەستەو دانیشەو دەست بەرزکەرەوە، لە

پۆلی شەشەمدا هەندێك ڕێزمانی ئینگلیزی و دیالۆگی سادە، بەو شێوەیە هەر ساڵەو شتێکی زۆر کەمی بۆ زیاد دەکرا وە لە هەفتەیەکدا وانەیەك یان دوان دەخوێندرا. ئەو نەزەریاتانەی کە بەکار دەهێنرا زۆرینەی کات مامۆستا قسەی دەکرد و قوتابی گوێی دەگرت، لەبەر بچوکی پۆلەکان و ڕێژەی زۆری قوتابی دەرفەتی موشارەکە زۆر کەم بوو ئەو شێوەی ئێستە لە بەریتانیا بەکار دێت وەك گەڕانی مامۆستا بەناو قوتابیەکانداو دابەش کردنی شیتی جۆراو جۆر بەسەریانداو کردن بە گروپ و جوڵانیان بۆ ئاخافتن بوونی نەبوو، چونکە کاتەکان نیو کاتژمێر بۆ سی و پێنج دەقیقە بوو هەر ئەسڵەن دەرفەتی ئەوە نەدەڕەخسا، وە شێوازی وانە ووتنەوە وەك جۆرێك لە جۆرەکانی دادگای دەنواندو مامۆستا وەك دادگەرو قوتابیەکان وەك تاوانبار[xix].

بەڵام جێگەی خۆیەتی کە ئەوە بووترێت ڕەفتاری مامۆستا دەبێت چۆن بێت لەگەڵ قوتابیاندا وەك لە کتێبی سستەمی فێرکاریدا ئاماژەی پێکراوە دەبێت مامۆستا"بڕوای بەوە هەبێت کە قوتابی هەم دەتوانێت و هەم دەیەوێت بەرپرسی خوێندنی خۆی و ژینگەی قوتابخانەی خۆی بێت.کار بکات بۆ ئەوەی

هەموو قوتابییەک، بێ جیاوازیی زایەند یان ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، تەواو دەسترۆ بێ لە بوارەکانی دیاری کردنی شێوازی کار و ناوەڕۆکی خوێندن. هەروەها کار بکات بۆ ئەوەی ئەم دەسترۆییە لەگەڵ گەورەبوون و ڕسکاندا زیاد بکات، کار بکات بۆ ئەوەی کچ و کوڕ، وەک یەک دەرفەتیان هەبێ و وەک یەک لە خوێندندا دەسترۆبن. کارئاسانی بکات بۆ ئەوەی قوتابی بۆی هەبێت شێوازی کاری جۆراوجۆر تاقی بکاتەوە. لە کاری بەرنامەڕێژی و هەڵسەنگاندنی شێوازی خوێندندا خوێندکاران بەشداربن. قوتابیان ئامادە بکات بۆ بەشداربوون و بەرپرسایەتیی هاوبەش، بۆ ئەو ماف و ئەرکانای لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا هەن." (قەرەداغی: 2006).

هەرچەند باس لە چۆنێتی دەستەڵاتی حکوومەتی بەعسی عێراقی بکرێت بەهەموو شێوازەکانیەوە بە ئاسانی تەواو نابێت وبە قەبارەی چەندەها کتێب هەڵدەگرێ و ئێرە جێگەی ئەو باس و خواستە نی یە بەڵام بۆ بەرچاو ڕوونی و تێگەشتن لە بەحسەکە پێویست بوو ئەو کەمە ڕوونکردنەوە بدرێت بۆ قوڵ تێگەشتن لە سەردەکەمانی دوای ئەوو وە تا ئێستە.

باش وایە ئەزموونی کوردستانی باشوور بە دوو بەشدا دابەش بکرێت لە ساڵی 1991 تا 2003 وە لە 2003وە تا 2009 کە ئەم بەسحەی لەسەر دەنوسرێت.

**پلەکانی خوێندن لە کوردستانی باشووردا بەم شێوەیەیە:**

*سەرەتایی کە لە پۆلی یەك دەست پێ دەکات بۆ شەش.

*ناوەندی کە لە یەك دەست پێ دەکات بۆ سێ. (ئێستە ئەم دوو مەرحەلە کراوە بەیەك و ناوی لێ نراوە بنەڕەتی کە لە پۆلی یەکی سەرەتای دەست پێ دەکات بۆ پۆلی نۆ کە پۆلی سێی ناوەندی جاران دەکات ئەوەی لە سەردەمی بەعسەوە درێژەی هەبوو تا ئەم یەك دوو ساڵەی پێش ئێستە).

*ئامادەی کە لە پۆلی چوارەوە دەست پێ دەکات تا پۆلی شەش. (پۆلی دەو یانزەو دوانزە).

بەو شێوەیە دوانزە ساڵ خوێندن هەیە پێش گەشتن بە زانکۆ وەیان پەیمانگا.

دواتر زانکۆ چوار ساڵ خوێندنە، کەوا بوو گەر بێت و بەراوردی بکەن لەگەڵ بەریتانیادا کەسێك کە خوێندن تەواو دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست دەهێنێ لە کوردستاندا شانزە ساڵ دەکات، وە بەهەمان شێوە لە بەریتانیاشدا شانزە ساڵ دەکات تەنها جیاوازیەکان لەناوەکاندا هەیەو لە کوردستاندا زانکۆ چوار ساڵە لە بەریتانیا سێ ساڵە لە کوردستاندا خوێندنی پێش زانکۆ دوانزە ساڵە لە بەریتانیادا سیانزە ساڵە کەوابوو ساڵێك لە خوێندن بڕاوە بۆ زانکۆ، وە بەشێوەیەکی تر دەتوانرێت بوترێت لێرە ساڵێك لە زانکۆ بڕاوە بۆ خوێندنی پێش زانکۆ[xx].

## ئەزموونی یەکەم لە 1991 تا 2003

باشووری کوردستان هەر دوای نەمانی ڕژێمی بەعس لە ناوچەکەداو کەوتنەوە ژێر دەستی حکوومەتی هەرێم، حکوومەت ئەو توانایەی نەبوو کە بتوانێت گۆڕانکاریەکی بەرچاو لە سستمی خوێندندا بکات و ناچار هەر لەسەر هەمان ڕێڕەو دەڕۆشت تەنها هەندێك کتێب نەبێت لەگەڵ کتێبی تردا ئاڵوگۆڕی پێ دەکرا ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو کتێبانە هزری

ڕژێمی تێدا بەدی دەکرا بۆ نمونە مێژوو، گەرچی کوردستان سەدەرسەد جیاوازی هەبوو لەگەڵ پێشووداو خەڵکی دڵخۆش بوو بەو زەمینە سازیەی کەهاتە کایەوە لە کوردستاندا بەڵام هۆکاری نەزانی و نەبوونی کەسانی پسپۆڕ سستمی خوێندن جیاوازی نەدەکرا لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا تەنها ئەوە نەبێت هاوڵاتیان ئازادیان وەرگرت بەڵام هەمان مادەو هەمان ڕێڕەوی وانە ووتنەوە دەگیراوە بەر، هەرچەند دەکرێت پسپۆڕیش زۆر بوو بێت لەناو کورداو وە کەسانی دڵسۆزی دەرەوەش ئامادەیی یارمەتی بەرەو پێشچوونی سستمی پەروەردەیان تێدا بوو بێت، بەڵام ئەو دیاردانە دەرنەدەکەوتن وە هۆکارەکە دیارە بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە کە ئەو زەمینەی بۆ هاوکاران و پسپۆڕان نەسازاندووە، هەرچەند تا چەند ساڵێکی سەرەتایی دوای ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی 1991و ئازاد کردنی باشووری کوردستان زیاتر بە کێشەی سیاسیەوە خەریك بوون و تواناکان زۆر جار لە بەرژەوەندی خەڵکدا نە دەشکایەوە دەتوانرێت بوترێت هۆی نەمانی ڕێژمی بەعس و کاریگەریەکانی لەسەر گەلی کورد هێشتا تیمار نەبوو بوو شەڕی نێوان حیزبە کوردیەکان لە ساڵی 1994دا دەستی پێ کرد بە ئیسلامی و

عەلمانیەوە بەربوونە گیانی یەکترو ئەوەندەی تر خەڵکی بەرەو دواوە دەچوو بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا ئەوەندە هەیە جێگەی خۆیەتی بوترێت کاریگەری هەموو ئەم کێ بەرکێ و دووبەرەکیە سستمی خوێندنی دەکرد بە قوربانی و نەدەتوانرا بەرەو پێش چوون بەخۆیەوە ببینێ هەربۆیە لێرە گۆڕینی ڕژێمی بەعس بە سستمی خوێندنەوە دەبینرا لەوەی کە پێشکەوتن ببینرێ، وە بەڵکو لەوەش خراپتر لەبەر نەبوونی مامۆستاو گەندەڵی ئیداری حکوومەتی هەرێم بەناچاری و بە واسیتەی حیزبی کەسانێك دەکران بە مامۆستا کە مامۆستایی پێشەی خۆیان نەبوو وە ئەو کەسانەی کە پشکیان بەرکەوت لەو بە مامۆستای کردنەدا زۆرێکیان ئێستەش هەر مامۆستان و پلەی بەرزیشیان پێ دراوە، لەلایەکی ترەوە هۆکاری شەڕەکانی ناوخۆی کوردستان ئەو خۆشیەی لە ناخی کوردەکاندا سڕیەوە کە دوای نەمانی ڕژێمی بەعس بۆیان دروست بوو بوو، وە بێ ئەمەلی و خەمساردی باڵی بەسەر خەڵکیدا دەکێشا بەتایبەت کەسانی ڕۆشنبیرو مامۆستاکان هەر بۆیە بەناچاری زۆرێك وولاتی بەجێ دەهێشت و بەرەو ئەوروپاو وولاتانی دەرەوە ڕێگەیان

دەگرتە بەر، ئەمەریکاش کە دەستی لەناو کوردستاندا هەبوو لەبری یارمەتی و برەودان بە سستمی خوێندن زۆرێك لە مامۆستاو موهەندیسی لەدەوری خۆی کۆ کردەوە بە ئیشی تایبەت دان پێیان و دواتر بەرەوە ئەمەریکا بەڕێی کردن، ئەوەندە کێشەی ناوخۆی دروست بوو وەك کێشەی، سیاسی، ئابوری..تاد هەرکەس فریای خۆی نەدەکەوت دەستەڵاتداران نەبێت ئەوانیش بەشێوەیەکی وا هاوسەنگیان لەدەست دابوو. بەهۆی شەڕو کێشەکانی ناوخۆوە ئیتر خوێندن هەر پشتگوێ خرابوو وەك ئاشی بێ ئاوی لێ هاتبوو[xxi]، وە زۆر لە مامۆستاکان بەیارمەتی هاوڵاتیان هەرچۆن بێت قوتابخانەیان دادەمەزراند و بەبێ مووچە بەڕێوەیان دەبرد وەتا بە چەند مانگێك نیوە موچەیەك، وە ئەوەشی مووچەی هەبوو ئەوەندە مووچەکەی کەم بوو تەنها بەشی نانی ووشکی مانگەکەشی نەدەکرد، نەهامەتیەکان ئەوەندە زۆر بوون گرنگی خوێندنی لە دڵی زۆر کەسدا سڕی بووەوە ئەوەشی کە زۆر هەر بەلایەوە گرنگ بوایە لەو سەردەمەدا زۆر کاڵ بووەوە، هۆکار زۆر بوون یەکێك لەو هۆکارانە ڕەوشی ژیانی مامۆستایان بوو لەو سەردەمەدا دەبینرا مامۆستایان هەژارترین چینی کۆمەڵگەن و

له دوای دەوام بەدوای کاری تردا ڕادەکەن وە هەتا هەبوو زۆر بەتوانا بوو لەبەر بژێوی ژیان وازی لە مامۆستای دەهێناو کاری تری دەکرد، زەمینەکان لەبار نەدەکرا لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە هەرچەند وەزارەتی پەروەردەو ئەوانەش بوونی هەبێت بەڵام دەستێوەردانی حیزبی لە باشووری کوردستاندا کارەکانی زۆر گەناندبوو، هەتا حکوومەتیش خەڵکی هەر بەچاوی حیزبەوە سەیر دەکراو، وە لە واقعیشدا هەروا بوو باشووری کوردستانیان بەشەڕ کرد بە سێ بەشەوە بەشێکی لە پردی ئیبراهیم خەلیلی سنوری کوردستانی باشوور کە بە تورکیا دەژمێردرێ تا هەولێرو دەورو بەری بەر پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتبوو، وە لە کۆیەوە تا کەلارو کفری بەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وە ناوچەی هەڵەبجەو دەورووو بەری بەر "بزووتنەوەی ئیسلای کوردستان"[xxii] کاولکاریەکی وایان کرد دیاردەی ئێستەش بە هەندێك خانو بیناوە دەبینریت[xxiii]. کوردستانی باشوور سێ بەرەی بەخۆوە دەدی وە هەر بەرەیەك و لەژێر حیزبێکی جیاوازداو هەرسێکەشی دژی یەك، وە ئەوەی لەم سێ بەرە زیاتر بەدی دەکرا قۆستنەوەی مەرامە تایبەتەکان زیاتر لە خزمەتی

هاوڵاتیان، هەرچەند بزووتنەوەی ئیسلامی و یەكێتی نیشتمانی توانایەكی مادی وایان نەبوو لەچاو پارتی دیموكراتی كوردستاندا كە پارتی بەهۆی گومرگی ئیبراهیم خەلیلی سنور پارەیەكی یەكجار زۆرو خەیاڵی بەدەست دەكەوت بەڵام دیاردەی ئەو داهاتە هەتا بە ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی خۆشیەوە نەدەبینرا. وە ئەوەی كە پێویست بوو بكرێت دامەزراندنی حكوومەتی بێ لایەنی چونكە حكوومەت دەتوانێ خەمی ووڵات و نەوەی داهاتوو بخوات و پەروەردەیان بكات بەڵام ئەو بەرە گەرچی ناوی زەق دەكرایەوە بەڵام لە واقیعدا بوونی نەبوو ئیتر ووڵات لەو ئاڵۆزیانەدا بوو، وە خوێندنیش هەرچۆنێك بوو هەر بەڕێ دەكرا بەڵام وەك و زانست و ئاستی زانیاری ئەو پێشكەوتنەی بەخۆوە نەدەبینی لەبەر گرفتی زۆری سیاسی، هەربۆیە دەبینرێت ئەو كەسانە كە لە سەردەمی دوای 1991 خوێندنیان تەواو كردووە ئاستی زانستیان زۆر كەمەو دەتوانرێت بووترێت زیاتر كار بۆ بڕوانامەكە كراوە، بۆیە زۆر مامۆستا هەیە بۆ نمونە مامۆستای زمانی عەرەبی یەو عەرەبی نازانێ، وە هەیە مامۆستای ئینگلیزیەو ناتوانێ ئینگلیزی قسە بكات، و وە لە جێگەیەك دادەمەزران مادەی

تریشیان پێ دەوترایەوە (گۆڤاری بوار ژمارە 1 هاوینی 2009: لا 28-32).

لەبەر نەبوونی هەلی زۆرو هەمەجۆری کار هەموو ئەوکەسانەش کە زانکۆ تەواو دەکەن حکوومەت ناچار دەبێت کە بە مامۆستا دایان بمەزرێنێ لە کاتێکدا زۆرێکی مامۆستای پیشەی خۆی نی یەو ڕاهێنانی پێ نەکراوە لەسەر مامۆستای. وە هەروەها حکوومەت نەیتوانیوە کۆنترۆڵی مامۆستاکانیش بکات هەربۆیە زۆر مامۆستا کاری نەشیاوی لێ دەوەشێتەوە بەرامبەر قوتابیەکان و کێشەی دەرەوەی خوێندنیش دێننە ناو خوێندنەوە[xxiv].هەروەها سەرپێچی جۆراو جۆر لەلایەن مامۆستایانەوە زۆر کراوەو دەستنیشانکردنی هەمووی لەم باسەدا نەگونجاوەو لە ئاستی خۆی زیاترە[xxv]. ئەگەر چی ئێمە لێرەدا باس لە ئەزموونی پێش 2003 دەکەین بەڵام هەنوکە ئەم کێشانە هەر بەردەوامی هەیە بۆیە کاتێك چاو بە سەرچاوەکاندا دەگێڕین دەبینین زۆرێکی باس لە ئەزموونی دوای 2003یش دەکات، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو زەمینەی کە ئێستە بۆ نووسەرانی کورد ڕەخسیوە لە پیش 2003دا یان نەبوو وەیان هەر زۆر دەگمەن بوو ئەویش بەهۆی ئەنتەرنێتەوە کە

مێژوویەکی زۆر کورتی هەیە لە کوردستاندا، وە ساڵی نەوەدەکان پێش کۆتا هێنانی شەڕی ناو خۆی حیزبەکان هیچ ئامێرێکی پێشکەوتوو نەبوو لە کورستاندا ئەوەی ئێستە هاتووەتە ئاراوە کە زیاتر مەبەستم پێی ئەنتەرنێتە بوارێکی باشی ڕەخساندووە بۆ نووسەران کە بتوانن ڕاستیەکان ئاشکرا بکەن جا نەبوونی سەرچاوە لەسەر خوێندن وەیان کەمی سەرچاوە زیاتر بۆ نەبوونی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە هەربۆیە ئێستە زۆرێك لە مەقالات دەبینین زیاتر لە ڕێگەی وێبەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە بەڵام ئێستە هەر هێشتا دەتوانرێ بەسەرەتا ناو ببرێت تا دەگاتە ئاستی بڵاو کراوەی کتێب لەو بوارانەدا.

هەرچەند ڕاستیەکەو ناتوانرێت بشارێتەوە هیزی دەستەڵات ترسێکی وای لای نووسەران دروست کردووە کە زۆرجار نەتوانێت ڕاستیەکان بخاتە سەر کاغەز هەربۆیە ئێستەش زۆرێك لەبەر ترسی دەستەڵات بەناوی خوازراوە دەنوسێت ئەو هەوڵەی کە بە دڵسۆزی دەیدات ناچار دەبێت لەبەر ترسی هێرشی دەستەڵاتداری کوردی بەکەسێك تەعبیر لەخۆی بکات کە خۆی نی یەو بەڵکو ئەو کەسە هەر بوونیشی نی یە، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی ئەنتەرنێت دەنرخێنم کە ئەو سانسۆرە

حکوومیانەی بەسەرەوە نی یەو لە دەستەڵاتی ئەوان بەدەرە، بەڵام وا ئێستە خەریکە ئەو ترسە دەڕەوێتەوەو حکوومەتیش چاو بەکارەکانیدا دەخشێنێتەوە.

**ئەزموونی دوای 2003 تا کاتی ئەم بەحسە 2009**

لە مانگی 3ی 2003 ئەمەریکا بە هاوپەیمانی بەریتانیا، ئیسپانیا، ئوستورالیا، پۆڵاندا، دانیمارك وە بە یارمەتی 36 ووڵاتی تر هێرشیان کردە سەر عێراق وە کوردستانیش لەو یارمەتی دانەدا بەشدار بوو لەگەڵ پێشمەرگەدا[xxvi] تاڵاوی حیزبی بەعس لە ناخی کوردەکاندا هەر کسپەی دەهات هەر بۆیە لە هەردوو شەڕی 1991و وە 2003دا حکوومەتی کوردی بە ئەوپەڕی توانایەوە خۆی بە یارمەتی خۆی بە ئەمەریکاو بەریتانیا دەربڕیوەو وە تا ئەم کاتەش خۆی بە دۆستی نزیکی دەزانێ، ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لەو شەڕە لەلایەن هاوڵاتیانی عێراق و کوردستانەوە ئەوە بوو کە پێشبینی دەکرا ماوەیەك شەڕ ببێت تا ئەوەندە حیزبی بەعس لە توانایدا هەیە وە دواتر ووڵات ئارام ببێت و دەست بە نوێ بوونەوەو پێشکەوتن بکات لە سایەی حکوومەتێکی ئازاددا تواناکان

زیاتر بکەونە کار، بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرا هەمووی هەر خەیاڵ پڵاو بوو ئەوەتا تا ئێستەش شەڕ هەر بەردەوامی هەیەو نە حیزبی بەعس بەتەواوی بن بڕ بوو وە بەچەندەها حیزبی بەعس ئاسای تر دروست بوو وە درۆ نی یە ئەگەر بووترێت ئەمەریکاش خۆی بەعسێکی گەورە بووە لەم نێوەندەدا وە کوژراوەکانی عێراق گەورەترین شایەتحاڵن، جگە لەوەی کە ئەو بیانویەی کە بووە مایەی هەڵگیرسانی شەڕ هەمووی پوچ دەرچوون، لێرەدا ئێمە باس و خواستی خوێندنمان بەلاوە گرنگە بەڵام ڕووداوە سیاسیەکان و شەڕەکان خاڵێکی هەرە نەگەتیڤن لەم نێوەندەدا بۆیە گرنگە نیشانیان بدەین وەگەرنا تەحلیلی ئەو شەڕانە زۆر هەڵدەگرێ و بەئیشێ خۆمانی نازانین لێرەدا شیان بکەینەوە هەربۆیە بە خێرای بەسەریدا دەچین، وە ئەو شەڕانە هەر وە نەبێت تەنها جنوبی عێراقی گرتبێتەوە بەڵکو ناوچەیەك لە ناوچەکانی کوردستانیشێ گرتەوە ئەویش بیارەو دەورو بەری بوو کە کۆمەڵێکی تێدا بوو بەناوی ئەنسار الاسلام بە سەرکردایەتی مەلا کرێکار ئەم کۆمەڵەش ئەمەریکا بەیارمەتی یەکێتی و پارتی، دوا بەدوای ئەوە ئەم کۆمەڵە لەناو چوون و نەمان وەك ئەوەی جێگەو سەرۆکێکی تایبەتیان هەبێت

که ئێستە مەلا کرێکار لە نەرویجە، بەڵام زۆرێك لە کێشەو شەڕەکانی ناوخۆو تەقینەوەکان ئەم کۆمەڵەی پێ تاوانبار دەکرێت بە تایبەت ئەو تەقینەوەی کە لە پایتەختی کوردستاندا ڕوویدا لە 2004[xxvii]، هەموو ئەمانەو ئەساری مانەوەی ئەم دووبەرەکیە وولات بەرەو دوا کەوتووی دەبات لەگەڵ هەر کێشەو دووبەرەکیەك کە دروست دەبێت خوێندنگەکان لە نێوەندیاندا دەبنە قوربانی وەك کردنە پشووی ناچاری ئەو ناوچانە، برەو نەدان پێیان، ڕوخانیان و دووبارە دروست کردنەوەیان، ساردی قوتابیش بەهۆی ئەو کارانەوە، لەگەڵ ئەو هەموو کێشەو دووبەرەکیەشدا دەتوانرێت بووترێت تەنها جنوبی گرتەوە وەك کێشەی سەرەکی و شەڕو شۆڕەکانی ناو کوردستان بەشێوەی جوزئی و لاوەکی دادەنرێت تەنها لێدانەکەی ئەنسار الاسلام نەبێت بەڵام ئەویش هیچ درێژەی نەبوو، هەرچەند لە پێش 2003یشدا کوردستان هەر ئازاد بوو وە خاکەکەی بەدەست خۆیەوە بوو بەڵام خۆی بوو بووە گرفت لەبەردەم خۆیانداو برەویان بە خوێندن نەدەدا وە دوای 2003 بەشێوەیەکی بەرچاو حکوومەت تا ڕادەیەك لای بەلای خوێندندا کردەوە هەروەك دیارە هەست بەوە کراوە کە

دواکەوتنێك بەخۆوە دەبینرێت و وە  وەك تەعویزێکیش بۆ خراپەکاریەکانی ڕابووردوویان، وە هەروەها خەڵکیش بەشێوەیەکی گشتی و بەرفراوان ڕوو لە خوێندن دەکەن و ئەوانەشی کە گەورەن و ساڵانێکی زۆریان فەوتاوە هەوڵ دەدەن هەرچۆن بێت زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە بەرەو خوێندن دێت وە ئەوەشی هەر نەیخوێندووەو نەخوێندەوارە هەوڵی خوێندن دەدات کە ئەمە جێگەی دڵخۆشی هەموو خاوەن هەستێکی ساغە بەتایبەت ئەوەی کە چارەنووسی کوردستانی بەلاوە گرنگە چونکە خوێندن دەبێتە مایەی ڕۆشنبیری تاك و دواتر بە قازانجی وڵاتدا دەشکێتەوە، وە دەبینین حکوومەتی هەرێم کۆمەڵە کارێکی یەکجار زۆر باشی کرد لەوانە:

1-بینای زۆری بۆ قوتابخانەکان کردەوە بە تایبەت زانکۆکان.

2-موچەی مامۆستایان زیاد کرد بەشێوەکی زۆر باش.

3-یارمەتی زیاتری خوێندکاران دەدات بۆ خوێندن وەك، دانی مووچە، پێداویستی زۆر، ژووری مانەوە (داخلی)، هەموو ئەمانە بەبێ بەرانبەرو لێ وەرگرتنەوە، جگە لەوەش خوێندن هەر خۆی بێ بەرانبەر بووە.

هەرچەند ئاڵۆزی زۆرجار زۆر دەبینرێت بەڵام ئەگەر سەیری کارەکان بەشێوەیەکی گشتی نەکرێت ئەوسا بێ ئەمەلی و ڕەشی دامان دەگرێت بەڵام ڕاستیەکەو شایەنی دەستنیشان کردنە کە حکوومەت کاری زۆری کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی هوشیار بووەتەوەو بەرەو خوێندن دێت کارەکانی بەگوێرەی پێویستی خەڵکەکە نەبووە چونکە ئەوەی ڕاستیە لە ناکاوێکدا هەست بەم کەلێنە کرا کە خۆی دەبوایە پێشتر بەرنامە دارێژی بۆ بکرایەوە لەگەڵ زۆر بوونی قوتابیاندا ڕێژەی بیناو مامۆستا زیاد بکرایە، بەڵام ئێستە هەر بەردەوامە حکوومەت وە ڕۆژ بەڕۆژ کارەکان زیاتر بەرەو پێش دەچێت و گوزەرانی خەڵکی بەرەو سەرەوە دەچێت، ئەو مامۆستانەش کە کاتی خۆی وازیان هێناوە بەهۆی کەم مووچەییەوە گەڕاونەتەوەو هەستێکی تازە دروست بووە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەوە.

لێرەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە لەبەر لەپڕ لاکردنەوەی حکوومەت بەلای خوێندنداو برەو دان پێی بەشێوەیەکی بەرزو بەربڵاوو وە بایەخدان بەکەسانی شەهادەدار، خەڵکی بەبێ بەرنامە زۆری بەرەوە خویندنگاگان بڕۆن و هەوڵ بۆ شەهادە بدەن. ئەم

هەزمە بەم شێوەیە لێك دەدەینەوە لەسەر حكوومەت و خەڵكی وە دەستنیشان كردنی خاڵە پۆسەتیڤ و نەگەتیڤەكانیان بەشێوەیەكی گشتی.

**حكوومەتی هەرێكی كوردستان بەهەردوو دیودا.**

**خاڵە پۆزەتیڤەكان**

1-برەو بە خوێندن دەدات زۆر زیاتر لە جاران.

2-بیناو باڵەخانەی جۆراو جۆر بۆ خوێندنگاو مامۆستاكانی دەكاتەوە، بەتایبەت زانكۆكان.

3-مووچەی زیاد كردووە بۆ مامۆستایان و یارمەتی دەرماڵەو ئەرزەیان دەدات.

4-هاوكاری مادی زۆری قوتابی دەكات، هەر لەداخلی و موچەی مانگانە تا زۆر پێداویستی تر.

5-شەهادە بە مەرج دەگرێت بۆ زۆركارێك.

**خاڵە نەگەتیڤەكان**

1-جیاوازی دەکرێت لە وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکاندا بۆ نمونە خزم و کەسانی دەستەڵات بەردەوام لە پێشی هەموویەوەن ئەگەر نمرەشیان نزم بێت.

2-جیاوازی لە نێوان مامۆستاکاندا کراوە لە دانی ئەرزەو یارمەتی زیاتر.

3-قوتابیان بەویستی خۆیان لە بەشەکان دادەنێن.

4-زانست بە مەرج ناگرێت لەگەڵ شەهادەدا.

5-تەمەن دەکاتە گرفت لە وەرگرتنی قوتابیاندا.

6-دەست تێوەردانی حیزبی و تێکەڵ کردنی لەگەڵ خوێندندا.

7-دابڕانی قوتابی دەکاتە گرفت لە وەرگرتنەوەدا.

وە دەبێت ئەوەش بزانین کە" قوتابیانو مامۆستایان لە کوردستان چەندە فەرامۆشکراونو چەندە بەش خوراو دوورن لە هەموو ماف و بایەخدانێك، ئاستی خوێندن لە کوردستان لە ڕووی شێوەی خوێندنو سیستەمی خوێندنو پەیوەندی نێوان قوتابیو مامۆستاو سیستەمی زانستی زۆر جیاوازە لەگەڵ

بەریتانیادا، گەر بەراود بكەین لە نێوان ئاستی خوێندنی دوو شوێنی وەك بەریتانیاو كوردستان فراوانی و دووری ئاستەكان زۆر جیاواز دەبینێت و ئەوە دەسەلمێت كە چەند قوتابیانی كورد ستەملێكراون لە هەموو بوارەكانداو قوتابخانەو زانكۆكانمان كاروانێكی دوورو بە پشوویان دەوێت بۆ گۆرانكاری، جیاوازی ئاستو شێوەكانیش زۆرتر دەردەكەوێت لە بواری پرۆگرامی خوێندنو شێوەی خوێندنو سیستەمی وەرگرتنی قوتابی و مامەڵەی مامۆستاو قوتابخانەكان بەرامبەر بە قوتابی، لە ئەوروپا قوتابخانەكان مەڵبەندی گەشتیاریو خولو فێركردنو شوێنی پشوو حەوانەوەی قوتابیانن بەڵام بەداخەوە لە كوردستان نەتوانراوە مانا جوانەكانی ژیان لەقوتابخانەكادا بنەخشێنرێن[xxviii]".

**خوێندكاران بەهەردوو دیودا.**

**خاڵە پۆزەتیڤەكان**

1-برەو بە خوێندن دەدەن زۆر زیاتر لە جاران.

2-شەهادە بە گرنگ دەزانن لە ژیانیاندا.

3-گەرچی بە ویستی خۆشیان لە بەشێك یان شارێك دانەنرابن بەڵام هەر هەوڵی تەواو کردنی دەدەن.

**خاڵە نەگەتیڤەکان.**

1-سستی زۆر لە خوێندن و سەعی کردندا.

2-زۆرێکی تەنها بۆ شەهادەکە دەخوێنێ و ڕێگەی جۆراو جۆری بۆ دەگرێتەبەر بەبێ زانیاری دروست.

3-بایەخ نەدان بە خوێندن، هەر ئەوەندە کە لەناو مەسەلەکەدا بێت بەتەواوی دەزانێ.

4-دروستکردنی زۆر کێشە لەناو داخلیەکاندا کە دەبێتە هۆی نەخوێندنی ئەوانەشی کە دەیانەوێت.

5-گرنگی دان بە جەوهەرو پشتگوێ خستنی زانست.

لێرەوە ئەو خاڵانە زیاتر دەکەینە دەستپێکی ووردەکاریەکان، دوای گەڕانی نووسەر بەناو زانکۆو کۆلێژو خوێندنگاکانی کوردستان ئەو خاڵانەی لا دروست بووە، وە بۆ شی کردنەوەی ئەو ڕێگانەی کە گراونەتە بەر کاری لەسەر دەکات، وەك

ئامادەبوونی وانەکان لە زانکۆو خوێندگاکاندا، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستاو قوتابیاندا، ڕاپرسی لەنێو خەڵکدا، ڕاپرسی لەگەڵ مامۆستاو قوتابیاندا، سەیرکردن لە واقعی ژیاندا، چاوگێڕان بەسەر سەرچاوەکاندا، خوێندنەوەیان بەهەردوو دیوەکەیدا.

ئەوەی بەدی دەکرێ و دەبینرێ لەو گۆڕانکاریانە کە کراوە لە بواری ئینگلیزیدا گۆڕینی ئەو سیستەمە کە پێشتر هەبوو لە سەردەمی بەعسدا کە قوتابی لە پۆلی پێنجەمەوە دەستی بە ئینگلیزی خویندن دەکرد وە ئێستە هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە دەست پێ دەکەن و دوو کتێبی زۆر باش و نایاب بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێت بەناوی

Sunrise

وە یەکێکیان بۆ خوێندنەوەیەو ئەوی تریان ڕاهێنان، گەر سەرنجی ناوەرۆکی کتێبەکان بدەین دەبینین هەر چوار سکیڵەکە لە خۆ دەگرێت گوێگرتن، قسە کردن، نوسین، خوێندنەوە، وە ئەو نەزەریاتە تازانەی کە هەیە لەسەر زمان و ڕێزمانی ئینگلیزی تێیدا بەدی دەکرێت، لە کاتێکدا پێشتر زۆرجار

بەدەست ڕێزمانی ئینگلیزیەوە دەیناڵاندوو کاتێکی زۆری پێوە دەکوژراوە سودێکی ئەو تۆی نەبوو، بەڵام ئەم گۆڕینە تا پۆلی هەشتی بنەڕەتیە وە دوای ئەوە هەموو شتەکانی تر لە جێگەی خۆیدان.

جا گۆڕانکاری کاریگەریەکی یەکجار پۆزەتیڤی لەسەر خویندکاران و هەتا کۆمەڵگەش هەیە وەك مامۆستا هۆمەر قەرەداخی دەڵێ "ئەگەر ڕیفۆرم لە بواری سیستەمی فێرکاریدا نەکرێت، هیوای دواڕۆژی منداڵان و گەنجانمان بە ئاینده لاواز دەبێت. نەبونی هیوا و بڕوا نەبوون بە دواڕۆژ لەبارترین دۆخ و بوارن بۆ دروستبونی نائارامی، زۆربونی تاوان و تێرۆریزم. نەخوێندەواری دەبێتە هۆی دروستبون و گەورە بونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و دروستبونی ڕێکخراو و گروپ لە دەرەوەی پرۆسەی دیموکراتی و دامودەزگاکانی کۆمەڵدا. ئەم دیاردەیە لە دواڕۆژێکی نزیکدا مەترسیدارە بۆ سەر ئەو بارە ئازادەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە. ڕێژەی نەخوێندەواری لە ساڵی 2000 دا لە کوردستاندا 27% بوو. لە ساڵەوە تا ساڵی 2007 زیاتر لە 250000 نەخوێندەوار فێری خوێندەواری بون و ڕێژەی نەخوێندەواری هاتۆتە خوارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

هێشتا ڕێژەی نەخوێندەواری و وازهێنان لە خوێندن ئەوەندە بەرزن کە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوایەتیمان. هەربۆیە بەردەوامبون لەسەر چاکسازی پێویستیەکی گرنگ و بەرپرسیاریتیەکی گەروەن لەسەرشانمان"[xxix] وە حکوومەتیش هەوڵی بەردەوام دەدات و خەڵکیش جوڵێنەرێکی بەرچاوە لەم جوڵاندنەدا، وە حکوومەت کۆنگرەیەکی بەست بۆ ئەو مەبەستە لە"11-13ی کانوونی یەکەمی 2007 لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و لە ژێر درووشمی "بەرەو پەرەپێدانی خوێندنی باڵا" بەسترابوو. کۆنفرانسەکە لەلایەن لێژنەی ڕێکخستنی خوێندنی باڵا لە عێراقدا (کە بارەگاکەی لە لەندەن)ە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانەوە ڕێکخرابوو. ژمارەی بەشداربووان لە کۆنگرەیەدا زیاتر لە 500 کەسایەتی ئەکادیمی عێراقی و بیانی بوون و ئەمەش بەیەکەم کۆنگرەی لەمجۆرە دادەنرێت کە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان سازبدرێت"[xxx]. وە دەقی ئەو کۆنفرانسەش ئەمەیە لە سایتی منضمة التعليم العالي والعلوم والتكنلوجيا العراقيةدا هەیە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی[xxxi] ئەوەی لەو کۆنفرانسە بەدی دەکرێت بەدەمەوە

چوونی حکوومەتە لە بوارەکەدا وە خاڵگەلێکی بەماناو ئیجابی تێدا باس کراوەو بە شێوەیەکی زانستی بەڕێوە چووە کۆنفراسەکە بەڵام لە ئەرزی واقعدا هێشتا بەڕوونی ئەو خاڵانە نابینرێت و دەست تێوەردانی حیزبی و تێکەڵی لەگەڵ خویندندا بەڵگە نەویستە. زۆر جار دونیای نەزەری شتەکان بە پێچەوانەوە نیشان دەدات بەڵام لە ئەرزی واقعدا پێچەوانەکەی دەبینرێت هەر بۆیە پراکتیکە کردن هەردەم لە پێش نەزەریەوەیە چونکە ئەوەی بە نەزەریش دەوترێت بۆ ئەوەیە بە پراکتیك بکرێت، ئەگەر کەسێك بەهەزاران کتێب لەسەر مەلە کردن بخوێنێتەوەو پلەی ئیمتیازیشی تێدا بهێنێت بەڵام مەلە نەزانێ کە کەوتە ناو ئاوەکە کتێب و تاقی کردنەوەکان دادی نادات، هەر بۆیە کاتێك سەرنجی ڕاگەیاندنە کوردیەکان دەدەین بەتایبەت ئەوانەی سەر بە دەستەڵاتن سیمایەکی زۆر جوان نیشانی خەڵکی دەدەن و زۆر ڕاستی هەیە دەیشارنەوە هەر بۆیە کاتێك کە سەفەری کوردستانم کرد بە مەبەستی سەردانی زانکۆکان و خوێندنگاکان جۆرێك لە حەپەسان ڕووی تێ دەکردم هەروەك بە کورتی لە مەقالەیەکدا بڵاوم کردنەوە لە سایت و ڕۆژنامە کوردیەکاندا بەناوی (زانکۆکانی کوردستان

توشی شۆکیان کردم) لێرەدا هەندێك لەو وانەو ڕووداوانەی کە نووسەری ئەم بابەتە بەدوایدا گەڕاوەو تێیدا بەشدار بووە لە کوردستان دەیخاتە ڕوو، هەر لە سەرەتای گەشتنم بە کوردستان کە لە ڕێگەی ئیبراهم خەلیلی سنوری نێوان تورکیاو عێراقەوە کە خۆی لە ڕاستیدا هەر کوردستانە، ڕووشتمە کوردستانەوەو یەکەم کار کە کردم ڕاستەوخۆ بە تەکسی بەرەوە زانکۆی دهۆك بەڕێ کەوتم، هەرچەندە یەکەم جاریشم بوو کە بچمە ئەو زانکۆ، ڕۆژ بەرەو تاریکی دەچوو گەشتم بە داخلی و لەگەڵ چەند قوتابییەکدا یەکترناسینی پێشەکیمان کردوو دوای خۆ ناساندن توانم لەگەڵیاندا ئەو شەوە بەسەر بەرم لە داخلی زانکۆی دهۆك دوای گفت و گۆی زۆرو ڕاگۆڕینەوەو گوێ گرتن بە ووردی لە قوتابیان و مەعاناتیان ئەو شەوەمان کردەوەو بە ووردی دیقەتی هەموو شتێکم دەدا بەچاوی لێ تێگەشتنەوە، دوای ڕۆژ بوونەوە ئامادەی چەند وانەیەك بووم و چاوم بە زۆر لە قوتابی کچ و کوڕ کەوت و ئەوانیشم دەدواند هەروەك مامۆستایانیش بەڵام دەرفەتەکە کەمتر کراوەبوو بەڕووی مامۆستایاندا، لێرەدا چەند لەو وانانەی کە ئامادەی بووم وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکەم، کە بەم شێوەیەیە:

## زانكۆی دهۆك/دهۆك[xxxii]

بەرواری ئامادەبوون 2009/01/03 كۆلێژی ئاداب پۆلی چوارەم وانەی هۆنراوە، ژورێكی ساردو سڕ 16 قوتابی تێدا بوو مامۆستا وانەكەی دەوتەوە قوتابیەكانیش گوێیان دەگرت، وانەكە تەنها لەسەر كتێب بوو مامۆستا سەیری كتێبەكەی دەكردو وانەكەی شی دەكردەوە نە پرۆجەكتەر هەبوو وە نە مامۆستا تەختەی بەكار دەهێنا، وانەكە بە دانیشتنەو دەوتراوە، بە دەنگێكی نزم وە هیچ لە قوتابیان بەشداریان نەدەكرد لە وانەكەدا، بەو شێوەیە وانەكە كۆتایی پێهات كە هەر وانەیەك 40 دەقیقەیە.

### هەمان زانكۆو وانەیەكی تر

دوو قوتابی دەبوایە پرێزەنتەیشنێكیان ئامادە بكردایە بەڵام یەكێكیان ئامادەی تێدا نەبوو كە بیڵێتەوە، بەبێ ئەوەی پێشتر ئەوەی بە مامۆستا ڕاگەیاندبێت وەیان بە بەڕێوەبەرایەتی، وە یەكێك لە قوتابیەكان ئامادەی خۆی دەربڕی زۆر بەساردیەوە هۆكار لای من دیار نی یە بەڵام دەكرێت هاوڕێكەی هۆكارێك بوو بێت. وە هەروەك چۆن سارد بوو بەساردیش دەستی پێ

کرد ئەوەی داهێنان بێت لە قوتابیەکەدا نەدەبینرا، تەنها کۆمەڵێك نوسراوی هێنا بوو وە دەینوسی لەسەر تەختەکەو دەیخوێندەوە بۆ قوتابیان وە مامۆستاش چاودێرە بەسەریانەوە، هەمان کەسی وانە ووتەرەوە وە مامۆستاش هەردووکیان ئافرەت بوون، وە مامۆستاکە قوتابیەکەی تەریق کردەوە بەشێوەیەکی توند، وە قوتابیەکەش زۆر گۆڕا پێی لەوە دەچێت منیش هۆکارێك بوو بم کە وەك میوان دانیشتبووم، وە قوتابیەکە وانەکەی بە ئینگلیزی دەوتەوە بەڵام کوردیشی تێکەڵ دەکرد.

**هەمان زانکۆو وانەیەکی تر**

وانەکە وانەی وەرگێڕان بوو، مامۆستا هەندیك شتی نوسی لەسەر تەختەکە بۆ وەرگێڕان، بە کوردی لەبەر ئەوەی کە قوتابیەکان هەمەجۆر بوون لەو لەهجاتانەی کەهەن لە کوردستاندا ئەم لەهجانە لە وەرگیڕانەکان بەکار دەهێنرا، کوردی سۆرانی، کوردی بادینی، وە هەروەها عەرەبیش بەکار دەهێنرا کە زۆرێکیان لەیەکتر تێنەدەگەشتن، بەڵام مامۆستا ئەو بوارەی دەدا لەکاتێکدا خۆشی لە زۆرێکیان تێنەدەگەشت وەك لە پرسیار کردنەکانی لە قوتابی تر بەدەر دەکەوت. ئەو دەقەی کە

نوسیبوی سیاسی بوو قوتابیەکان ملاحەزەیان هەبوو لەسەری بە بیانوی ئەوەی کە حەز لە سیاسەت ناکەن بەڵام مامۆستا هەر نەیگۆڕی و ووتی ئەم جۆرە شتانە باشە گومانم نی یە لەوەی لە داهاتوودا پێویستان پێیان دەبیت، وە کاتێکی زۆر زۆر بە نوسینەوەی ئەو دەقانە بەسەر دەبرا لە کاتێکدا وانەکان خۆی بۆ خۆی کورت بوون 40 دەقیقە وە زۆر جار کەمتریش، وە هیچ ئامێرێکی سەردەم نەبوو، بۆ نمونە لەسایتی زانکۆکەدا دابنرێن وەیان کوپی بکرێن و پێیان بدرێن.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی**

ئامادەی سێ وانە بووم لە زانکۆی دهۆك وە شەویش لە داخلیدا مامەوە لەگەڵ قوتابیەکاندا گفتوو گۆم کردوو بیرو بۆچونمان گۆڕاوە. داخلیەکانیان ژوور ژوورەو هەر ژوورەو زیاتر لە قوتابیەکی تێدایە لە دوو کەسەوە بۆ سەرەوە تا چوار، داخلیەکان زۆر زۆر ساردە، قوتابیان دەنگەدەنگ دەکەن بواری خوێندنەوەو بە وانەدا چوونەوە زۆر کەم بوو هۆکارەکان زۆری قوتابی لە ژوورەکاندا یەکێك بوو لەو هۆکارانە، مەتبەخیان نەبوو، لە دەرەوەی ژوورەکاندا تەباخیان داناوەو

چێشتی لەسەر لێ دەنێن، کارەبا زۆر کەموکوڕی هەبوو تەنها ئەو شەوەی کە من مامەوە لەوێ چەند جاریك کارەبا بڕا هەرچەند قوتابیەکان تا ڕادەیەك ڕاهاتبوون لەگەڵیدا، وە قوتابیانیش خۆیان بۆ خۆیان زۆر ساردن لە خوێندن زیاتر لە جەوەکە، جگە لەو هۆکارانەی کە باس کرا هۆکاری تایبەتی تریش زۆر زۆر بوون لەوانە هەبوو دەیووت من بە ویستی خۆم ئەو بەشەی کە لێی دەخوێنم هەڵم نەبژاردووە، هەروەك زۆرێکیشیان ڕەش بین بوون بەدواڕۆژ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا حکومەت یارمەتیەکی تاڕادەیەك باش دەدات بە قوتابیان وەك گرتنی داخلی بەبێ بەرانبەر، وە موچەیەکی مام ناوەندی، جگە لەوەش کە خوێندنەکە خۆشی هەر بەبێ بەرانبەرە. قوتابیان زۆر زۆر سستن لە بواری بەکارهێنانی ئیمەیڵ و تەکنەلۆژیادا، زۆر کەم قوتابی هەبوو کۆمپیوتەری هەبێت، وە زۆر لەوەش کەمتر هەبوو کە ئینتەرنێتی هەبێت، ژوورەکان تێکەڵن کوڕو کچ لەکاتی وانە خوێندندا بەڵام ئەکتیڤ نین بەرانبەر یەکتر. هەندێك قوتابی بەپێ دەچن بۆ زانکۆ، هەنێك بە پاسی زانکۆ، وە هەشە لە دەرەو بە سەیارەی تایبەت و تەکسی دێن. ئامادەنەبوون لە دەرسدا لەلایەن

قوتابیانەوە بوونی زۆر بوو، بەبێ هۆی گرنگ. زۆر گلەییان لە حکومەت هەیە قوتابیان لەگەڵ ئەو هەموو یارمەتیەش کە حکومەت داویەتی پێیان.

**هەندێك وێنەی سەفەرەکەو ناو زانکۆی دهۆك**










ئەگەرچی ڕای زۆرێك بە پەسەند نەبوو لام بەڵام هۆی
دووبارەی بوونەوەی لەلایەن زۆرێك لە قوتابیانەوە ناچاریان
دەکرم کە بەهەند وەربگیرێن، ئەو پێش سەفەر کردنم بۆ
کوردستان و لەو کاتەی کە پرۆجەکتەکەم بۆ ئەم بەحسە نوسی

تا ئێستە کە بەرواری 2009/07/29 گۆڕانکاری زۆر زۆر لە سایتی زانکۆی دهۆکدا کراوە، هەرچەند قوتابی چەنسی ئەنتەرنێکی زۆر کەمە چ لە ناو زانکۆدا وە چ لە دەرەوە، وە زۆر بەداخەوە نە مامۆستاکانی ئەم زانکۆیە وە نە قوتابیەکانی ئەوانەی کە پرسیارەکانم بۆ ناردن هیچیان وەڵامیان نەدایەوە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی چەنسی ئەنتەرێت و وە دەتوانرێت بوترێت کەمتەرخەمی و بەدەمەوە نەبوونی مامۆستا کە ئەوان چەنسەکەیان زیاترە، تەنها ئەوەی بەدەست دەکەوت کە بەدەستی پێت بدایەن و داوای پڕکردنەوەیت بدایە لەهەمان کاتدا.

## زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر[xxxiii]

بەرواری ئامادەبوون 2009/01/04 پۆلی یەك ژوورێك زیاتر لە 50 قوتابی تێدایە، زۆر ساردە، غاوە غاو دەنگی دەر ناهێڵێت بەباشی گوێت لە وانەکە بێت، وە تەرکیز کردن زۆر گران بوو. مامۆستا وانەی شی دەکردەوە قوتابی گوێی دەگرت، دواتر هەندێك شت پێویستی بە نوسین دەکرد مامۆستا قوتابیەکی بانگ کرد کە بینوسێت، وە هەمان نوسین قوتابیانیش دەبوایە

بیان نوسایەتەوە، کاتێکی زۆر لەو 40 دەقیقە بەمەوە دەکوژرا، وە هەندێك جاریش مامۆستا شتی دەخوێندەوەو قوتابیان دەیان نوسیەوە، لە کاتی وانە ووتنەوەدا مامۆستا تەلەفۆنێکی بۆ هات بەڵام هەڵی نەگرت و ووتی خێزانمە... بەو شێوەیە وانەکە کۆتای هات.

**هەمان زانکۆو وانەیەکی تر**

پۆلی دووهەم، مامۆستا وانەی شی دەکردە، قوتابیانیش هەندێکیان بەژداریان دەکرد، وە زۆرێکیش ئاگای لە وانەکە نەبوو وە سەرقاڵی قسە کردن بوون لەگەڵ خۆیاندا، مامۆستاش نەیدەتوانی کۆنترۆڵیان بکات. وە زۆرێك لە کارەکانی بە قوتابی دەکرد.

**هەمان زانکۆو وانەیەکی تر**

پۆلی دووهەم، مامۆستا زۆر هێمنانە وانەی دەوتەوە وە دەنگی دەرەوەش زۆر دەهاتە ژوورەوە بەشێوەیەك قوتابیان باش دەنگی مامۆستایان نەدەبیست، وە زۆر لە قوتابیان دەچوون و

دەهاتن مامۆستاش هیچ گوێی تێ نەدەدان، بەڵام ئەوەی کە ئامادە بوو سەرقاڵ بوو بوون بەوانەکەیەوە.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونکردنوەیەکی سەرەتایی**

هەرچەند هەمان مولاحەزەی زانکۆی دهۆك هەر لێرەش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا زیاتر بەدی دەکرا، دەنگە دەنگی قوتابیان بوو لە دەرەوە بەشێوەیەکی وا سروشتی وانەکەی گۆڕی بوو لە نێو پۆلەکاندا، وە تا ڕادەیەك پشتگوێ خستنی مامۆستایانیش دەتوانرێت بووترێك هۆکارێکی ئەو دەنگە دەنگە بێت، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم زانکۆ زۆر قەرەباڵغ بوو بەشێوەیەك هەموو ژوورەکان پڕ بوون هەروەك چۆن دەرەوەش هەروا بوو.

**وێنەی گیراوی کاتی سەردانی زانکۆ**




SALAHADDIN UNIVERSITY
جامعة صلاح الدين





ئەگەر چی زانکۆی سەلاحەدین لە پایتەختی کوردستاندایە بەڵام دەتوانم بڵێم زۆر پەرتەوازەیە هەر لە داخلی قوتابیانەوە تا ناوەوەی وانەکان، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ قەرەباڵغی زیاتر لە ئاستی خۆی.

**زانکۆی کۆیە**[xxxiv]

ڕۆژی ئامادەبوون 2009/01/05 پۆلی چوارەم دوای چاوەڕوانیەکی زۆرو ئەم دەستەو دەست و ئەم ژوور بۆ ئەو ژوور بەش بۆ بەش، توانیم سیدیەك بەدەست بخەم کە زانیاری دەربارەی ئامانجی وانەکانی تێدا بوو، بەهۆی ئەو دەستەو دەستەوە تەنها یەك وانە توانیم ئامادە بم ئەو ڕۆژە. وانەکەش بەم شێوەیە بوو، مامۆستا وانەی شی دەکردەوەو قوتابیان گوێیان دەگرت، وە دواتر قوتابی هەڵدەستاندە سەرپێ بۆ پرسیار لێ کردن هەندێك لە قوتابیەکان بەشداری وەڵامەکانیان دەکرد، وە زۆرێکیش خۆی نیشان نەدەداو ئامادەی دەر نەدەبڕی بۆ وەڵام، وە زۆرێك لە قوتابیەکان سەرقاڵ دەبوون بە موبایلەوە لەکاتی وانەدا... وە هەروەها خۆ سەرقاڵ کردن بە شتی لاوەکیەوە زۆر بوو.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونكردنوەیەكی سەرەتایی**

لەگەڵ ئەوەی کە سیدیەکم دەست کەوت لەم زانکۆ لەلایەن سەرۆك بەشی ئینگلیزیەوە کە زۆر باش بوو، بەڵام زۆر هیلاکیان کردم و ئەم دەستەو دەستیان پێ دەکرم وە هەندێك لەو مامۆستانە گلەی و گازندەی ئەوەیان بۆ دەگێڕامەوە کە هەوڵێکی زۆر دەدەن بەرانبەر پارەیەکی کەم لەبەر ئەوەی کە ئەوان دانەمەزراون تەنها بە گرێبەست کار دەکەن، هەر بۆیە وا پێ دەچوو هۆی کەمتەرخەمیان دەربارەی کارەکانیان و پشتگوێ خستنی منیش ئەوە بوو بێت.

**وێنەی ڕێگەی داخلی زانکۆی کۆیە بۆ ناو زانکۆ**



زۆر مایەی سەرسوڕمان بوو داخلی زانکۆی کۆیە هەر بە بینینی سجنی گوانتانامۆم دێتە پێش چاو چواردەوری بەتەل گیراوەو پاسەوانی توندن و نەخوێندەواری تێدایە، بەڵام لەناو داخلی زۆر حاڵیان لە داخلی سەلاحەدین و دهۆك خۆشترە لەبەر تازەیی باڵەخانەكان و ئامێری گەرم كەرەوە، بەڵام هۆی زۆری قەرەباڵغی دەرفەتی خوێندنی تەنگ كردبووەوە.

## زانكۆی سلێمانی[xxxv]

زانكۆی سلێمانی كۆنترین زانكۆیە لە كوردستاندا دامەزرابێت و مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەكانی 1968 لەكاتی

دەستەڵاتدارێتی حکوومەتی بەعسدا وە هەر لە سەردەمی بەعسدا بەهۆی ڕقوکینەی بەرانبەر کوردو وە لەبەر چالاکی خەڵکی سلیمانی و دەوروبەری ئەم زانکۆی گوێزایەوە بۆ هەولێرو ناوی لێ نا زانکۆی سەلاحەدین واتە ئەو زانکۆی کە ئێستە لە پایتەختی کوردستانە بەم شێوەیە دامەزراوە، وە دوای ڕووخانی سەدام لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا جارێکی تر زانکۆی سلێمانی دامەزرایەوە[xxxvi] ئەم زانکۆ جگە لەوەی لەناو خۆی شاری سلێمانیدا هەیە چەند بەشێکی تری لێ دەبێتەوە لە چەند شارێکی جیا جیا وەك، دوکان، هەڵەبجە، کەلار، ئەوەی کە ئامادەی بووم لێرەدا ئاماژە بە هەندێکی دەکەم:

**زانکۆی سلێمانی ناو سلێمانی خۆی**

دوای گەشتنم بەوێ ئەوەندە دەستی دەستیان پێ کردم و ناردمیان بۆلای ئەم ئەو هیچم دەست نەکەوت هەروا گەڕامەوە.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی**

ئەگەر بەم شێوەی مامەڵە لەگەڵ قوتابیاندا بکەن دەبێت لەدوایدا چی دەربچن.

**پەیمانگای دوکان**

داخلیەکی پیس کە لە جێگەی مرۆڤ ناچێت هەروەك چۆن قوتابیەکانیش جێگەیەکی پیس و ئالۆدە بە وەرەقێن و یاری پلەی ستەیشن و جگەرە کێشان و دەنگە دەنگ، ئەوەی شارستانی بێت بوونیم نەدی لەم پەیمانگایەدا، وانەکانیش هەر هەمان شێوەی ئەوانی پێشوو بوو.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی**

جیگەی شەرمە قوتابی ئاوا بێت لە داخلیدا کە ئەوەندە کەمو کورتی هەبوو شەرم دەمگرێت بیان نوسم.

**پەیمانگای تەکنیکی و کۆلیژی هەڵەبجە**

پۆلی دووهەم بەشی شیکاری، مامۆستاکە عەرەبەو کوردی باش نازانیت، وانەکە بە ئینگلیزی ڕوون دەکاتەوە، وە قوتابیان زیاترن لە 50 قوتابی کوڕ و کچ تێکەڵ، وە مامۆستا زۆرجار بە عەرەبی قسە دەکات و وە قوتابیانیش زۆر دەنگە دەنگ دەکەن، مامۆستاکە تووڕە بوو لە قوتابیەکان کە نەدەبوو وا قاڵە قاڵیان بکردایە لەبەر ئەوەی کە من لەوێ بووم و میوان بووم

لایان، وه دواتر مامۆستا شتی دەنوسی و ئەوانیش کۆپیان دەکرد، پۆلەکە زۆر بێدەنگ بوو بەهۆی سەرقاڵیان بەنوسینەوە، هیچ ئامێرك نەبوو وەك پرۆجەکتەرو کۆمپیوتەر، زۆرینەی کات بە نوسینەوە بەسەر دەبرا لەگەڵ کەمێك ڕوونکردنەوە، قوتابیان هیچ بەشداریان نەدەکرد لە وانەکە، هەموو ڕووی قوتابی لە مامۆستایەو ژوورەکە زۆر گەرمە، مامۆستا هەر قسەدەکاو قوتابی گوێ دەگرێ، وە کاتیش زۆر بەفیرۆ دەچێ بەهۆی چاوەڕوانی نوسینەوە، زۆر لە قوتابیە کوڕەکان لە دواوەن و کەمتر خۆیان سەرقاڵ دەکەن وە هەندێکیان باویشك دەدەن و خەویان دێ، هەروەك چۆن هەندێکیش بەووریایەوە دەنوسێت، ئەوەی کە زۆربەی کاتەکەی پێوە بەسەر دەبرێت کۆپی ئەو شتانەیە کە مامۆستا دەیان نوسێت، کاتی بەشدار پێکردنی قوتابیان زۆر کەمە لەلایەن مامۆستاوە هەروەك چۆن خۆشی پرسیار ناکاو نایان جوڵێنێ، قوتابیەکان داوای زیاتر ڕوون کردنەوەیان دەکرد لە مامۆستا بە کوردی و عەرەبی ئینگلیزیان تێکەڵ دەکرد بۆ ئەوەی تێی بگەیەنن، وە بێدەنگی و نوسین زۆر دووبارەیە، ئەو جۆرە کپیە منیشی خەواڵو کرد، پشوو لەنێوان وانەکەدا نەبوو، تەختەی

دانیشتنەکان پیس کراوە بە نوسین، دوای ئەم هەموو کاتە، قوتابیەك هاتە ژوورەوە هەر زۆر بەسادەی ڕۆشت دانیشت مامۆستاش هیچی پێ نە ووت. وانە ووتنەوە بە ئینگلیزی بوو وە قوتابیانیش ئینگلیزیان نەدەزانی.

## هەمان پەیمانگاو وانەیەکی کرداری

وانەیەکی چوار سەعاتی پێکەوە بەبێ پشوودان لە نیوانیاندا هەروەك لە جەدوەلەکەیاندا هاتووە بەڵام وانەکە هەمووی نیو کاتژمێرکی خایاندو تەواو بوو ئەویش هەر بە دەمەتەقەو قسەی ئاساییەوە بوو، ئەوەی لەو ماوەیەدا کرا تەنها نوسینەوەی لاپەڕەیەك بوو.

## هەندێك مولاحەزەو سەرنجی سەرەتایی

ئەگەرچی شوێنەکانی تر وانەکانیان لە 40 دەقیقە تێنەدەپەڕی بەڵام لەم کۆلێژەدا وانەی دوو سەعاتی و وە هەتا چوار سەعاتیشی تێدا بوو بەبێ پشوو لە نێوانیاندا ئەمە وا لە قوتابی دەکات هەر دان بەخۆیەوە بگرێت بۆ ئەوەی کاتەکە تەواو بکات چونکە درێژی کات بەبێ پشوو ئاسان نی یە لەکاتێکدا

قوتابيان خۆيان هەر تاقەتی خوێندنيان نی يە، وە گەرچيش زۆربەی زانكۆكانی تر زۆر سارد بوون بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەوە زۆر گەرم بوو، هۆی نەبوونی زمانێكی هاوبەش لەنێو قوتابيان و مامۆستادا گرفتێكی گەورە بوو، بەشێوەيەك هەر كات بەڕێ كردن بوو نەك فێر كردن، وە موبالەغەش لەلايەن قوتابيانەوە هەبوو بۆ نمونە بەگوێی قوتابيەكمدا چرپاند لەكاتی وانەكەدا ئايا لەم وانە تێدەگەيت وەيان لە زمانەكە؟ ووتی بەڵی دواتر كە وانەكە تەواو بوو پرسيارم لە زۆرێكی تر كرد هەموويان ووتيان نا زۆر زۆر بەكەمی وە ئەو كەسەش كەوای ووتووە ترساوە لێت نەوەك شكاتی لێ بكەيت وەگەرنا ئێمە نە عەرەبی وە نە ئينگليزی هيچكاميان نازانين، ليرەشدا ئەوە دەردەكەويت كە متمانەيەكی وا نی يە لەنێوان قوتابی ومامۆستادا كە هەموو شتەكان بەڕاشكاوی بڵێين. هەر وەك چۆن كاتيش زۆر بە ئاساييەوە سەير دەكرێت هەروەك چۆن لەوانە كرداريەكەدا بينيمان. وە داخلی ئەم زانكۆ ئەگەر چی قوتابی زۆر لە ژوورەكاندا هەيە بەڵام پاك و تەميزە ئەويش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە كە ئەم پەيمانگە تازە دروست كراوە.

**كۆلێژی كوردستان هەڵەبجەی كۆن**

پۆلی چوارەمی کۆلێژی ئیسلامی 44 قوتابی هەمووی نێر دوو پۆلی تێکەڵ کراو، هەندێك قاڵە قاڵ هەبوو وە هەروەها گفتوگۆ لەسەر تاقی کردنەوە. قوتابیەکان پێکەوە قسە دەکەن لەکاتی وانەدا وە بە ئاگایشەوە گوێ لە وانە دەگرن کاتێك وانە ڕوون دەکرێتەوە، وە قوتابیەکان پێڵاوەکانیان دادەکەنن لە پۆلدا بەبێ پێڵاو لەسەر کورسی دادەنیشن، زۆر جار قوتابیەکان قسەی یەکتر دەبڕن لە وانەدا، وە زۆربەشیان بەشداری وانەکە دەکەن، هەندێك لە قوتابیەکان بەڵگەی بەهێزو قایلکەریان پێیە لەکاتی وانە ووتەوەو بەشداری کردندا، هەروەك هەندێکیش بەپێچەوانەوە بوون لەگەڵ ئەو بۆ چونانەدا، وە تێشیدایە زۆر بە ووردی دەڕوانێتە دەقەکان لە چەند ڕوویەکەوە، لەم مشتومڕانەدا هەندێك جار قوتابی دواکەوتوو دەهاتنە پۆلەوە.

## هەندێك مولاحەزەو سەرنجی سەرەتایی

ئەگەرچی ئەو قوتابیانەی کە درەنگ دەهاتن جۆرێك لە دابڕانی دروست دەکرن لای ئامادەبووان بەڵام وانەکە خۆشیەکی تێدا بوو بەشێوەیەك لەزەتی لێ دەبینرا، قوتابخانەی ئیمامی ئەبو حەنیفەم دەهاتەوە یاد ئەوەی کە مێژوو تۆماری کردووە

دەربارەی ئەو ئیمامە بەڕێزە کە زۆر ڕاپرسی بە قوتابیەکانی کردووە، هەرچەن قوتابخانەکەیان زۆر بچوك و تەنگەبەر بوو لەگەڵ ڕێژەی قوتابیاندا هاوتا نەبوو.

**ئەم کۆلێژە خوێندنی ئیسلامی تێدا دەخوێنراو لە مزگەوتدا بوو هەر بۆیە دەبوایە پێڵاو دابکەنرایە.**

**پەیمانگای کەلار**

بەگەشتنم بە پرسگە خۆم ناساندوو نوسراوی زانکۆکەی خۆم پێدا لەگەڵ بڕوانامەی قوتابیەکەمدا تۆزێك بەسەر سوڕمانەوە سەیری کردوو ووتی: لێی تێ ناگەم ئەگەر هەویەی ئەحوال مەدەنی عێراقیت پێیە باشترێکەو دەت کەم بە ژوورەوە! منیش پێم بوو وە هەویەکەی لێ وەرگرتم و بادجی میوانی پێ دام، کە ڕۆشتمە ژوورەوە لەبەر نە شارەزای کەسێکم بینی کە لە مامۆستا دەچوو پرسیاری ئیدارەم لێ کرد وە ووتم من لە بەریتانیاوە هاتووم و لێکۆڵینەوەیەکم هەیە ئیتر بەبێ هیچ پرسیارێکی تر وە بەشڵەژانەوە پێشم کەوت بە خێرای و زۆر بە پەلە لە دەرگای ئیداری دا وە بەڕێوەبەریش میوانی هەبوو بەڵام ئەم مامۆستایە هیچ گوێی نەداو قسەکانی پێ بڕین و بە

شڵەژانەوە ووتی ئەم برایە لە بەریتانیاوە هاتووە دەیەوێت ئامادەی وانەکان ببێت، ئەویش هیچێکی لەم کەمتر نەبوو لە شڵەژان و ووتی خێرا مامۆستاکان ئاگادار بکە هەرچەند ئەمڕۆش تاقیکردنەوەیە وانەمان نی یە، دواتر بەسەر پۆلەکاندا گەڕام و سەرنجم دان کە چۆن تاقیکردنەوە دەدەن بەڵام زۆربەی قوتابییەکان و مامۆستاکانی تریش هەر شلەژا بوون بەو شێوەیە هاتمە دەرەوەو هەویەکەم وەرگرتەوە.

**هەندێك مولاحەزەو سەرنجی سەرەتایی**

ڕەوشی پاسەوان شتێکی سەیر بوو کە چۆن بە هەویەی عێراقی ڕێگە دەدات بچمە ژوورەوە بەڵام بە نوسراوی ڕەسمی و بەڵگەی قوتابێتی حساب بۆ ناکات، ئەگەر چی تێش نەگات وە دەبوایە بە هەویەش ڕێگەی نەدایە مادام چوونە ژوورەوە ئەوەندە گرنگ بوو چونکە هەویە شتێکی ئاساییەو هەموو کەس هەیەتی لە کوردستاندا، وە ڕەوشتی مامۆستاکانیش دووبارە سەرسامیان کردم کە هیچیان لێ نەپرسیم و بەوشێوەیە شڵەژان بەبێ ئەوەی بەتەواوی لەمن بگەن، قوتابیان زۆر بە تێکەڵی و لێك نزیکیەوە تاقیکردنەوەیان دەکردوو دەنگەدەنگی دەرەوەش

زۆر دەهاتە ژوورەو مامۆستاش بەسەریانەوە وەستابوو لە بەردەم دەرگاگەداو ڕوو لەدەرەوەو هەندێك جار ئاوڕدانەوە بەلای قوتابیاندا.

**زانكۆ كەلار**

دوای خۆناساندن و نیشاندانی بەڵگەكانم بە پاسەوان هیچ حسابی بۆ نەكردوو ووتی بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادەم بەڕێوەبەر خۆی ووتوویەتی مەگەر نوسراوێك لای ئەوەوە بهێنیێ! منیش ووتم بەڕێوەبەر لە ژوورەوەیە گەر ڕێگەم نەدەی چۆن نوسراوی لا بهێنم دوای چەندوو چونێكی زۆر عاجزی كردم و هیچم دەست نەكەوت گەڕامەوە.

**هەندێك مولاحەزەو سەرنجی سەرەتایی**


زانكۆی كەلارو پەیمانگای كەلار دەرگاكانیان هەرچەند مەترێكی بەین بوو ئەو دوو جۆرە ڕەوشتە جیایەی تێدا هەبوو، كە پاسەوانی پەیمانگاكە بە ئاسانی و دانی هەویەی ئەحوال مەدەنی كردمی بە ژوورەوە بەڵام پاسەوانی زانكۆكە عاجزی كردم و هیچ شتێك نەیخوارد.

## هەندێك وێنەی زانكۆو پەیمانگاكانی سەر بە سلێمانی









مرۆڤی گەورە
لەکەشتیا ڕێبواری سەرپانە . لەشەمەندەفەرا پلەی سێیەمە
لەشەقامدا سواری قاچی خۆیەتی
مرۆڤی گەورە
لەکۆڵانی شەویدا چرا نییە . لەپەنجەرەی مرۆڤی گەورەدا شوشە نییە
لە زەوی مرۆڤی گەورەدا سێبەر نییە بەڵام هیوای هەیە
مرۆڤی گەورە هەرگیز بێ هیوا نابێت


















هەرچەند زانکۆکان زیاتر گرنگ بوون بەلای نووسەرەوە
بەڵام بۆ زیاتر چوونە ناو مەسەلەکەو وورد بوونەوەی زیاتر لە

ئاستی خوێندن بەگشتی و ئینگلیزی بە تایبەتی سەردانی چەندەها قوتابخانەی تری کرد هەر لە سەرەتاییەوە تا ئامادەی کە ئەمەی خوارەوە نمونەکانیانە:

**سەرەتایی کانی ژاڵە**

پۆلی شەشەی سەرەتای 4 قوتابی و یەك مامۆستا وا پەروەردەی کردبوون لە ئاستی زۆر لە خۆیان بەرزتر بوون، هەرچەند وانە ووتنەوە هەمان ڕێڕەو بوو بەڵام هۆی کەمی قوتابی دەرفەتی زۆری دەکردەوە.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی**

ئەم جێگە لەبەر ئەوەی کە گوند بوو وە قوتابیان کەم بوو کارەکان بۆ قوتابی و مامۆستاش زۆر خۆش بوو کە لە بارودۆخێکی ئارامدا ئەرکەکان بەڕێ دەکرا.

**سەرەتایی شاوازی**

لەبەر ئەوەی ئاشنایەتم لەگەڵ مامۆستاکان هەبوو وە ئەوانیش زانیاریان لەسەر من هەبوو پێویستی بە ڕوونکردنەوەو دانی

هیچ بەڵگەیەك نەدەکرد، دوای چوونە ژوورەوەم لە ژووری بەڕێوەبەر دانیشتم چاوەڕێی بەڕێوەبەرم کرد لە وانە بگەڕێتەوە، لە پڕ کەسێك خۆی کرد بە ژووردا و هەواڵی بەڕێوەبەری پرسی کە کارمەندێکی قوتابخانەکەیان نەخۆشەو پێویستە زوو بگەیەنرێتە نەخۆشخانە ئەو کەسەی کە نەخۆش بوو کابرایەکی یەکجار چاك بوو خۆشەویستی لای هەمووان هەبوو وە منیش پەیوەندیەکی بتەوی کۆنم لەگەڵی هەبوو، لەبەر ئەوە پێم خۆش بوو واز لەکارەکەی خۆم بهێنم و بەلای ئەوەوە بچم لەگەڵ ئەو کابرای کە هەواڵەکەی هێنا خستمانە ناو سەیارەکەو گەیاندمانە نەخۆشخانەو دوای پێدانی پێداویستی هێنامانەوە بۆ ماڵ، ئینجا من گەڕامەوە بۆ قوتابخانەکە و زانیاری و هەندێك پێویستیم لێ وەرگرتن، وە هەر هەمان ڕۆژ بەڵکو دوای چەند کاتژمێرێك هەواڵی کۆچی دوای نەخۆشەکە کە ناوی مام قادر بوو پێیان دام انا لله وانا الیە راجعون، ناخۆشترین ڕۆژی سەفەرەکەم بوو، ماتەمی بەتەواوی بەو دێهاتانەوە دەبینرا چونکە مام قادر کەسێکی بەتەمەنی زووگرد بوو ڕووخۆش و ڕۆح سوکی جێگەی خۆی کردبووە لە دڵی هەمواندا.

## چەند مولاحەزەیەك و ڕوونكردنەوەیەكی سەرەتایی

ناسراوی كاریگەریەكی ئێجگار گەورەی هەیە لە لە نێو كۆمەڵگەی كوردیدا هەر بۆیە دانی بەڵگەنامە لەم جێگانەدا بە پێویست نازانرێت، وە ئەم كارەش لای دەستەڵاتداران جێگەی لۆمە نی یە لەبەر بوونی متمانە لە نێوان كەسی میوان و مامۆستاوە.

## ناوەندی و ئامادەی شاوازی

لەبەر پتەوی پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستاكاندا، توانم زیاتر زانیاری لەسەر خوێندن وەربگرم و ئامادەی وانە ببم بەبێ دانی بەڵگەنامە، كۆمەڵێك نوسراوی پێوستم دەستكەوت بۆ ماستەرنامەكەم، لەوانە چۆنێتی مەنهەج.


## چەند مولاحەزەیەك و ڕوونكردنەوەیەكی سەرەتایی

ناسراوی كاریگەریەكی ئێجگار گەورەی هەیە لە لە نێو كۆمەڵگەی كوردیدا هەر بۆیە دانی بەڵگەنامە لەم جێگانەدا بە پێویست نازانرێت، وە ئەم كارەش لای دەستەڵاتداران جێگەی لۆمە نی یە لەبەر بوونی متمانە لە نێوان كەسی میوان و

مامۆستاوە، وە هەر هۆکاری ئەو هاوڕێیەتیە بوو توانم ئەو بەڵگەنامە مەلموسانە دەستبخەم.

## ناوەندی لە دەربەندیخان لقی یەکگرتوو

لە ژێر زەمینێکی تەنگەبەرو ژورێکی یەکجار بچوك کە پڕ بوو لە قوتابی مامۆستاکەیان بەناوی مامۆستا عەباس، ڕووخۆش و زۆر بە ئیحترام مامەڵە خۆش و دەم بە پێکەنین، مامۆستا وانەی ڕوون دەکردەوە تەنها بە دەمی، تەختەو هیچ شتێك بەکار نەدەهات قوتابیەکانیش جار جار بەشداریان دەکرد، مامۆستا نمونەی واقعی پێ دەدان لەکاتی وەڵامی پرسیارەکانیاندا، قوتابیانیش دڵخۆش دەبوون بە وەڵامەکان. بە بێ دەنگی و دۆخێکی هێمنانە وانەکە تەواو بوو، منیش بەهەڵە پێڵاوەکانم دانەکەندبوو کە دوای وانە دەست پێکردن هەستم کرد کە کەس پێڵاوی لە پێدا نەبوو.

## چەند مولاحەزەیەك و ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی

هەرچەند ئەم خوێندنگەیە پێشتر سەربەخۆ بوو بوو، بەڵام دواتر کرابوو بەبەشێك لە خوێندنی حکومی بەڵام تەنها

ناوەکەی گۆڕابوو لە سەربەخۆیەوە بۆ حکومی ئەگینا هیچ دەستێکی حکومەتی تێدا نەدەبینرا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ نارەزایەکیان نەبوو.

**ئامادەیی دەربەندیخان**

بەرواری ئامادەبوون 2009/01/20 ڕۆشتنم بۆ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە ڕێگەیان نەدا پێم ئامادەی هیچ وانەیەك ببم وە هیچ زانیاریەکیشیان پێ نەدام، لەگەڵ ئەوەشدا نوسراوی فەرمیم نیشان دان وە سەیریشیان کرد، زۆر سەرم سوڕما داوای نوسراویان لێ کردم و هیچ ئیعترازێکیشان نەبوو، بەڵام ئەوان داوای نوسراوی وەزارەتی پەروەردەیان دەکرد لەکاتێکدا ئەمە گونجاو نەبوو بۆ من لە هەموو شارەکان ئەو نوسراوە بکەم.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی**

زۆرێك لە کارەکان بەبڕوای من سەربەخۆی دەکرێت لە کوردستاندا، ئەگینا بۆ زانکۆکان ڕێگەیان دام بەڵام ئامادەیی نە

وه له كاتێكدا ئامادەیی ترش ڕۆشتم بەبێ ئەو نوسراوانەی كە ئەوان داوایان دەكرد.

**دواناوەندی شەهید نەسرین دەربەندیخان**

ڕۆژی ئامادە بوون 2009/01/20 هەمان قسەكانی ئامادەیی دەربەندیخانیان ووت بەڵام منیش ووتم گەر یارمەتیم بدەن چونكە من ئەوەم پێ ناكرێت، ووتیان باشە تەلەفۆن دەكەین دوای تەلەفۆنەكە هاتنەوەو ووتیان نابێت، وە مامۆستایەك ووتی لە بەڕێوەبەر گەڕێ من یارمەتیت دەدەم ئەو هەروا جۆرێكە، دوای ڕۆشتنمە ژوورەوە مامۆستای ئینگلیزی پێ ناساندم، وە لەگەڵیدا ڕۆشتمە وانەوە، وانە لەو پۆلەدا تەنها سەرئێشە بوو هەرا هەرایەك بوو هەروەك كارێكی زۆر خراپ قەوما بێت هەر ئەو مامۆستا بوو مابوو بەدەستیانەوە. وانە ووتنەوە هیچ جیاوازیەكی نەبوو لەگەڵ قوتابخانەكانی تردا جگە لە هەرا هەراكە نەبێت وە هیچ ئەكتڤەتی بەكار نەدەهێنرا تەنها وانە ووتنەوە بە تەڵقین بوو.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونكردنەوەیەكی سەرەتایی**

لێرەدا ڕاستی ئەو قسەمان بۆ دەردەکەوێت کە شتەکان سەربەخۆی دەکرێت ئەگینا گەر یاسا بوایە نەدەبوو من ئامادەی ئەو وانە بم، وەیان یاسایەکی بەوشێوەیە نی یە وەیان یاسا لەلایەن مامۆستایانەوە پێشێل دەکرێت

**ئامادەیی کچان سەید سادق**

ڕۆژی ئامادە بوون 2009/01/26 زیاتر لە 50 قوتابی لە پۆلدا هەر کورسیەك و دوو قوتابی لەسەر بوو، کار کردن بە تەباشیرو تەختە ڕەش بوو، هەمووی باڵا پۆش بوون، مامۆستا وانە ڕوون دەکاتەوە وە قوتابیانیش بەشداری وانەکە دەکەن، وانەکە دەستی پێ کرد بە کورتەیەك لەسەر وانەی ڕابوردوو، مامۆستا بە ڕەوانی قسە دەکات و قوتابیش زۆر جار وەڵام دەداتەوە بەبێ ئیزن وە ئاسایش بوو بەو شێوەیە، پۆل تەختەی کۆن و سارد بوو، هیچ ئامێرێکی گەرم کەرەوە نەبوو، وە زۆر جار مامۆستا پرسیار دەکات و قوتابیەکانیش دەستیان بەرز دەکەنەوەو وە مامۆستاش بە ئارەزووی خۆی کەسێك هەڵ دەستێنێ، وە وا دەردەکەوت قوتابیان توانایەکی باشیان هەیە لەسەر وانەکان چونکە زۆرینەی هەوڵی بەشداری دەدا،

هەروەك چۆن قوتابیانیش بە وورپایەوە سەیری مامۆستایان دەكرد، وە دەنگ لە دەرەوە دەهاتە ژووری، لەبەر ئەوەی وانەكە كورت بوو كە تەنها 35 تەقیقە بوو بواری بەشداری قوتابیان زۆر نەبوو، مامۆستا هەیكەلێكی مرۆڤی بەكار دەهێنا بۆ ڕوونكردنەوە، وە مامۆستا پرسیاری دەكرد دوای وانە ووتنەوە بۆ دڵنیای لەوەی كەهەموویان تێگەشتوون، بەڵام زۆرێك لەو قوتابیانەی كە وەڵامیان دەداوە تەنها كۆپیان كردبوو لە كتێبەكە نەك وەك تێگەشتن وەریان گرتبێ، وە زۆر جار كە كەسێك وەڵامێك بە كورتی دەڵێ كەسێكی تر بۆی تەواو دەكات، ئەمەش زیاتر ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە قوتابیان تەنها دەقی كتێبەكەیان وەرگرتووە نەك تێگەشتنی خۆیان.

**هەمان قوتابخانەو وانەیەكی تر**

زیاتر لە 50 قوتابی و بەهەمان شێوەی وانەی پێشوو، نەخشە بەكار دێت بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە لەلایەن مامۆستاوە هەروەك لە وانەی پێشووشدا جەستەی پلاستیكی مرۆڤ بەكار دەهات، پۆلەكە پیس بوو وە زۆر لە جێگەكان شتی لەسەر نوسرا بوو، لە وەڵامی پرسیارەكاندا هەمان كاری وانەی پێشوو بوو،

پۆلێکی تاریك بوو، تەختەکانیان دانیشتن لەسەری ناڕەحەت بوو، یەکێك لە قوتابیەکان کتێبی دەگرت بە پشتیەوە بۆ ئەوەی ئێشی پێ نەگات، مامۆستا زۆر بە ئەدەبەوە مامەڵەی لەگەڵ قوتابیاندا دەکرد، ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەلتوریان و دینەکەیان، کە کەسێك لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا مامەڵەی کرد ڕەچاوی زۆر شت هەیە بکرێت، وەك ئەم نمونە کە مامۆستاکە پیاوەو قوتابیان کچ بوو لە تەمەنی موراهەقیدا بوون مامۆستا لە ئاستیاندا چاوی هەڵنەدەبڕی قسەی لەگەڵ دەکردن بە وورياييەوە چاوی لەسەر قوتابیەکان نەبوو.

## چەند ملاحەزەیەك و ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی

کەمی کات و ڕێژەی قوتابی گرفتێکی گەورەی ئەم قوتابخانە بوو، ئەو ماوەیەی کە دانراوە بۆ هەر وانەیەك لەگەڵ ڕێژەی قوتابیاندا یەك ناگرنەوە، زۆرێك چەنسی ئەوەی نابێت بەشداری وانەکان بکات، هەروەك چۆن بوار بۆ زۆرێکیش هەیە کە بیەوێت خۆی تێکەڵ بە وانەکە نەکات، هەر لەبەر کات و زۆری قوتابی مامۆستا ئەو بوارەی نی یە کە بتوانێت یەك یەك بەسەریاندا بڕوات بۆ یارمەتی تاکە کەسی بۆ زیاتر لە وانەکە

گەشتن، لەگەڵ ئەوەی کە قوتابیان گەورەشن جۆرێك لە کرداری منداڵانە تێیاندا ڕووی دەدا وەك لەخۆوە قسە کردن و وەڵامی زۆریك لە پرسیارەکان بەبێ ئیزن، ئەمەش وا دەکات کە ئاستەکان باش دەرنەکەون. ئەوەی کە یارمەتی دەر بوو بۆ زیاتر تێگەشتنی قوتابیان لەلایەن مامۆستاوە دوای هەوڵی مامۆستاکان ئەو ئامێرانە بوون کە بەکاریان دەهێنا وەك جەستەی پلاستیکی و نەخشەی جیهانی، زۆری پۆلەکان و نزیکیان لەیەکەوەو وە هەروەها کاتی خوێندنەکان پێکەوە جۆرێك لە دەنگە دەنگ دروست دەکات، وە مامۆستا جێگەی تایبەتی خۆی نی یە، هەموویان لە دوو ژووردا بە تێکەڵی کۆ دەبنەوە کاتی پشوەکان، وە زۆرێك لە مامۆستاکان لە ڕێگەیەکی دوورەوە دێن لەکاتێکدا هاتوو چۆ کارێکی ستەمە بۆیان، لەبەر بواری ئابوری نەبوونی ئوتومبێلی تایبەتی، ئەمەش مامۆستا زیاتر هیلاك دەکات لەهەردوو لایەنی مادی و مەعنەویەوە ئەگەر کاریگەریشی لەسەر فێربوونیش نەبێت.

**ئامادەیی خەلەکان**

ڕۆشتمە ژوورەوە دوای ڕوونکرنەوە لەسەر خۆم دانی کتابی ڕەسمی زانکۆکەم و وورد بوونەوە لێی دواتر ڕێگەیان پێ نەدام بچمە هیچ وانەیەکەوە.

**چەند مولاحەزەیەك و ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی**

لە دوای ئەو ڕوونکردنەوە لەسەر خۆم وا دیار بوو کە گومانیان هەبێت لە قسەکانم کە کتابەکەم دا پێیان گومانیان نەما، جا ئیتر بۆ نەیان هێشت بچمە ژوورەوە وەڵامەکەی لای خۆیانە.

دوای ئەو هەموو گەڕانەو ووردبوونەوە لە تەواوی چین و توێژەکانی خوێندن وە تاقی کردنەوەی زۆرکەس لە ئاستی زانیاریەوەو پرسیاری هەمە جۆر کردن لێیان چ بە تەسجیل کراوی وە چ بە نوسراوی ڕاستێتی تەواوی پەروەردەو فێرکردنم بۆ بەدەرکەوت بەتایبەت لە ڕووی ئینگلیزیەوە، وە دوای وودبوونەوە لە تەواوی سەردان و ئەنتەرڤیوەکان و ڕەوشی ناوخۆو سەرچاوەکان خاڵە بەهێزەکان و خاڵە لاوازەکان و گۆڕانکاریەکان دەستنیشان دەکەین بە ئومێدی سودی هەموو لایەك بەم شێوەیە:

**خاڵە لاوازەکان**

1-ڕێژەی قوتابی زۆر لە پۆلەکانداو شێوازو جۆری تەختەکان.

ڕێژەی قوتابی لە پۆلدا کاریگەری یەکجاری دەبێت لەسەر فێرکردن وە هەر پۆلێك بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت ئەو پۆلەو ئامادەی وەرگرتنی زانیاریەکانی وانەکە ببێت دەبێت قوتابیەکانی کەم بێت. وە ئەو تەختانەی لەسەری دادەنیشن باشتر وایە یان بە شێوەی بازنەی بێت و هەمووی بە خڕی دابنیش وەیان چەند بازنەییەك بێت وەیان زیکزاك بێت بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت دەوروپێچ بەناویاندا بکات.

.(Harmer, 1998:p18-22)

ڕێژەی زۆری قوتابی لە پۆلدا دەبیتە مایەی گوێ نەدانی بە وانەکەو وە دەبێتە مایەی پشتگوێ خستنی مامۆستاش کە کۆنترۆڵ کردنیان ئاستەم دەبێت و وە لەوەش گرنگ تر قوتابی چەنسی بەشداری نابێت بەم شێوەیە زۆرجا زیرەك و تەمەڵ دەرناکەوێت تا مامۆستا بەو پێیە مامەڵەیان لەگەڵ بکات و

هەوڵی زیاتر بۆ بەهێزکردنیان بخاتە گەڕ، هەر بۆیە بەردەوام پیوەرەکان لە تاقی کردنەوەدا دەردەکەون.

ئەو تەختانەی لە کوردستاندا هەیە زۆر کۆنن و دانیشتن لەسەری دەبێتە مایەی ئازارو کاریگەر دروست کردن لەسەر خوێندن، وەك لە قوتابخانەکەی سەید سادقدا بینیمان قوتابیەك کتێبێکی لەپشتی نابوو بۆ ئەوەی ئازاری پێ نەگات، جگە لەوەی تەختەکان ڕەقە کەسێك لە هەموو جێگەکانی تر لەسەر کورسی نەرم دابنیشێ قوتابخانە لە پێشترە بۆ ئەوەی جێگەکەی نەرم بێت تا نەفسیەن ئامادەی وانە بێت نەك جێگەیەکی ڕەق و تەقی بزماراوی هەبێت و بیری سەرقاڵ بکات.

2-درێژ کردنەوەی کات زیاتر لە 40 خولەك.

40 خولەك وە یان کەمتر کاتێکی زۆر کەمە بۆ گەیاندنی زانیاریە پێویستیەکان لە کاتێکدا ئەو 40 خولەکەش لە ڕاستیدا بەتەواوی مافی خۆشی پێ نادرێت و لەم سەرەو لەو سەریشەوە لێی دەخورێ و وە زۆر جار مامۆستاو قوتابیانیش وەکو تاك زیاتری لێ دەخۆن دەبینین زۆر جار قوتابی لە ناو وانەدا خۆی دەکات بە ژووورداو وە مامۆستاش درەنگتر لەکاتی خۆی

ئامادەی وانە دەبێت، ئەمەش هەم لە کاتی مامۆستا وە هەم قوتابیان کەم دەکاتەوە کە ناچار دەبێت مامۆستا ئەگەر بە تەواویش دووبارەی نەکاتەوە ئاماژە بە خاڵە سەرەکیەکان بکات وە ئەمەش دەبێتە مایەی بێزاری قوتابی کە پێش کەمێك هەمان شتیان لە مامۆستا بیست بەم شێوەیە کات زۆر بە خۆڕای دەڕوات. 40 خولەك بۆ مەرحەلەکانی سەرەتای و ناوەندی تا ڕادەیەك گونجاوە بەڵام بۆ ئامادەیی و زانکۆکان بەتایبەتی پێویستی بە درێژ کردنەوە هەیە تا هەر وانەیەك زانیاریەکی باش بخوێنرێت و مامۆستا بتوانێت بەشداری بە قوتابیان بکات و وە هەروەها زانیاری زیاتر بە قوتابیان بدات بەدەر لەو کتێبەی کە تەنها لەسەری دەخوێنن، وەك مامۆستا ئەسکەندەر لە ناوەندی بەمۆ لە هەڵەبجە لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاراستەم کردووە لەسەر کات دەڵی"ئێمە دەتوانین شتی دەرەکی بەکار بهێنین بەڵام کاتەکەمان 30 بۆ 40 خولەکە وە یاساکەش پێداگرە لەسەر ئەوەی مادەکە تەواو بکەین چۆن بتوانین ئەو کارە بکەین" لێرەدە خاڵێکی گرنگ هەیە ئاماژەی پێ بکرێت بۆ نمونە پۆلێك 50 قوتابی تێدایەو هەمووشیان یەك کتێب بەکار دێنن وە ئاساتی قوتابیەکان بەرزو نزمە، تێیدایە ئاستی

لەسەروی کتێبەکەوەیە وە تێیدا هەیە هاوتایە لەگەڵ کتێبەکەدا وە تێیدایە نزمترە لە ئاستی کتێبەکەو توانای وەرگرتنی نییە، جا بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت بەلانسی ئەو پۆلە وەربگرێت و هەموویان سودمەند بکات پێویستە شیتی تایبەتی بەکار بهێنێ بەپێی ئاستەکانیان کە مامۆستا خۆی دەزانێ دابەشی بکات بەسەریانداو بەسەریاندا بگەڕێ، ئەمە زیاتر مەبەستم پێێ وانە ئینگلیزیەکانە کەسێك نەزانێ ڕابووردووی سادە چی یە مامۆستا چۆن دەتوانێت لە بەشەکانی دوای ئەو تێی بگەیەنێ وە کاتێك کتێبەکە لە ئاستی بەرزدایە دەبێت شیتی تایبەت بەکار بێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابی، وە کاتێك بە مەرج گیرا لەلایەن حکوومەتەوە کە دەبێت کتێبەکە تەواو بکەن مامۆستا هەر هەوڵی تەواو کردنی دەدات بۆ ئەوەی توشی سزا نەبێتەوە کە هەقیشیەتی تا ڕادەیەك بەڵام بوونی ئەم یاسا لە نێو سستمی پەروەردەدا هەمووی بە زەرەر بەسەر قوتابیدا دەشکێتەوە. نمونەیەکی واقعی لێرەدا دێنمەوە کە بەسەرمدا هاتووە لەکاتی خوێندندا لە کۆلێژێك دەمخوێند لە لەندەن سەرەتای خوێندنم بوو لە بەریتانیا تەنها کەسێك بووم ئاستم لە هەر هەموو قوتابیەکان نزم تر بوو ئەوەی مامۆستا باسی دەکرد زۆری هەر تێ

نەدەگەشتم وە زۆر لە قوتابیەکان ڕەخنەیان لە مامۆستا دەگرت، مامۆستا هەستی بە ئەمە دەکرد کە من کەسێکی لاوازم و سەرەتامە شتی تایبەتی بۆ بەکار دەهێنام دواتر کە زانرا ئەوەش فریام ناکەوێت کاتی ترم بۆ تەرخان کرا لە دەرەوەی کاتی قوتابخانەی ڕەسمی تا ئاستەکەم بەرز کرایەوە، جا ئەگەر لەو کاتەی کە من ئەو پێویستیەم هەبوو مامۆستا گوێی پێ نەدایەو بیوتایە مەنهەجم بەسەرەوەیە تەواوی بکەم دوور نەبوو هەر ماوەیەك منیش بمتوانایە بەردەوام بم و دواتر بەهۆی بێزاریەوە وازم بهێنایە، جا ئەوەش لێرەدا بەدەر دەکەوێت کە ڕێژەی کەمیش نابێت پشتگوێ بخرێت هەموو تاکەکان گرنگی خۆی هەیەو نابێت تەنها سەیری ڕێژەی گشتی بکەین و خۆمانی پێ دڵخۆش بکەین، جۆرێك لە مامەڵەی مامۆستا بەهۆی ئەو یاسانەوە قوتابی دووردەخاتەوە لە قوتابخانە زۆرن ئەو کەسانەی بەو بیانوانەوە وازیان لە خویندن هێناوە.

3-خۆ حازر نەکردن بۆ وانە ووتنەوە لەلایەن مامۆستایانەوە.

ئەم دیاردە بەرچاویەو لە زۆر مامۆستادا بەدی دەکریت وەك لە کۆلێژی هەڵەبجەدا بینیمان کە وانەیەکی 4 کاتژمێری بە نیوە

کاتژمێر ئەویش بە پێکەنین و قسەی خۆش کۆتایی پێ هات، وە زۆر جار قوتابیانیش ئەو گلەییە دەکەن و بە ئاشکرا دەڵێن زۆر لە مامۆستاکان خۆیان ئامادە نەکردووە بۆ وانەو گرنگیمان پێ نادەن، هۆی تەمەڵی مامۆستا دەگەڕیتەوە بۆ دوو هۆکار.

1-بەسەردا سەپاندنی کتێبی تایبەت و بوار بۆ نەڕەخسانی مادەی دەرەکی.

هەر بۆیە دەبینین زیاتر هەر جەخت لەسەر مەنهەج دەکرێت.

2-لێ نەپرسینەوەی مامۆستا لەو وانانەی کە ووتوویانەتەوە.

مامۆستا دەبێت بۆ هەر وانەیەك خۆی حازر بکات و بە نوسراوی لەبەردەستدا بێت تا هەرکات سەرپەرشتیار داوای کرد بتوانێ نیشانی بدات کە چی و چۆنی ووتووەتەوە نەك تەنها بڵێ تا ئەوێمان خوێندووە، زۆر جار مامۆستا کە هاتووەتە پۆلەوە 5 خولەکەك هەر موناقەشە بووە لەسەر ئەوەی کە تا کوێی کتێبەکە خوێنراوە، زۆر ڕوونە ئەم مامۆستا لەماڵەوە کتێبەکەی نەکردووەتەوە.

له پرسیارێکدا که (جەیمی هارمه) خاوەنی کتێبی (چۆن ئینگلیزی بڵێینەوە) دەیکات له کۆمەڵێك قوتابی وەڵامی یەکێکیان دەڵێ بەرانبەر مامۆستا: مامۆستایەکم حەز لێیه که زانیاری زۆر بێت نەوەك تەنها لەو مادەی که دەڵێتەوە

.(Harmer, 1998:p18-2)

جا گەر بوار بۆ مامۆستا نەڕەخسێ که موتاڵەعەی دەرەوەی ئەو ماده بکات و شتەچاکەکانی بهێنێته ناو پۆلەوه چۆن چۆنی بزانرێ مامۆستا زانیاری زۆرەو گەڕاوه بەدوایداو قوتابیانی بەلاوە گرنگ بووە.

ئێمه لێرەدا لەسەر خەسڵەتی مامۆستا نادوێین ئەگینا مامۆستا زۆر خەسڵەت هەیه دەبێت لەخۆی بگرێت و ڕەچاویان بکات وە هەر لەهەمان کتیبی پێشووی (جەیمی هارمه)دا کۆمەڵه سیفاتێکی وروژاندووه که دەبێت مامۆستا له پێش چاویان بگرێت.

4-نەبوونی کەرەستەی پێویست.

زۆرجار ئێمە باس لە سەردەمی تازە دەکەین و خۆمانی پێ گیڤ دەکەینەوەو واو وا وەسفی دەکەین چ لە ئاستی حکوومەت و وە چ لە ئاستی تاکیشدا، جا ئەگەر ئیمە دەستمان لەو ئامێرانەی کە دونیای پێشکەوتووخواز هێناویانەتە کایەوە بەکار نەهێنین پێشکەوتنەکە کامەیە لەسەرەتای ئەم بەحسەدا باسی بەکردارکردنی نەزەریاتمان کرد گەر ئێمە هەر بەدەم بڵێین دونیا پێشکەوتووەو ئەوەتا بەچاوی خۆمان چی و چی دەبینین سودی چی دەبێت کە ئێمە هێشتا هەر لەسەر تەختە ڕەقەکە بین، هێشتا کۆمپیوتەرێکمان نەبێت، پرۆجەکتەرێکمان بەکار نەهێنابێت کە ئەمانە پیداویستیەکی گرنگی خوێندنن ئەمڕۆ، وە پێویستە حکوومەت خوێندنگەکات نوێ بکاتەوە بە کورسی نەرم و باش و مێزی پاك و خاوێن و فراوان لەگەڵ دابین کردنی کۆمپیوتەرو پرۆجەکتەر بۆ ژوورەکان و مامۆستاکان ڕابهێنرێت لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانیان، وە هەروەها پێویستە قوتابیانیش برەوی زیاتری پێ بدەن بەڵام دەبێت لە مامۆستاوە دەست پێ بکات و ئەوان هانیان بدەن بۆ بەکارهێنانیان بۆ نمونە داوایان لێ بکەن کە وانەکانیان لە کۆمپیوتەرەوە بکەن و بنوسنەوە تا ناچار بن لەبەکارهێنانی تا حەزەکەیان بۆ دروست

دەبێت و هەستی گرنگی لایان دەچەسپێ ئەوسا خۆیان وازی لێ ناهێنن، خۆ گەر بوترێت قوتابی توانای کڕینی کۆمپیوتەری نی یە دەکرێت حکوومەت یارمەتیان بدات وەیان هەر نەبێت پارەیان بە قەرز بداتێ و دواتر بە قیست لێیان وەربگرێتەوە، بەڵام خۆ زۆر کەس هەن خۆیان دەتوانن، زۆر لە قوتابیەکانی ئەمڕۆی کوردستان موبایلی وایان پێیە لەسەروی نرخی کۆمپیوتەرەوەیە وە یان کاڵای زۆر گران بەها کە دەکرێت لەوانە بگێڕێتەوە بۆ ئەو پێداویستیە سەردەمیانەو بەکارهێنانیان بۆ خۆ بەهێز کردن لەسەر زانیاری لەو ڕێگانەوە، زۆر کەس ئامادەیە کارتێك بەیەکجار لە قسەکردن لەگەڵ کچێکدا سەرفی بکات بەڵام ئامادە نی یە پارەی ئەو کارتە کە خەتی 15 ڕۆژ ئەنتەرنێتی بۆ دەکات ڕای بکێشێ.

5-نەبوونی کتێبخانەی پێویست و پێداویستیەکانی و ڕانەهێنانی قوتابی لەسەر خوێندنەوە.

ئەمە خاڵێکی هەر گرنگە لە ژیانی خوێندکاریدا بەداخەوە حکوومەت نەیتوانیوە کتێبخانە بە گوێرەی پێویست بۆ زانکۆکان بکاتەوە، سەرەڕای ئەو کەم و کوڕیەش کاتی

کردنەوەی کتێبخانەکان زۆر نەگونجاوە بۆ قوتابی وە هەیە کاتی کردنەوەی کتێبخانە لە هەمان کاتی کردنەوەی وانەدایەو قوتابی دەرفەتی سود وەرگرتنی نابێت لێی، کتێبخانەکان سەرەڕای دەوڵەمەند کردنیان بە کتێبی زۆرو سستمی نوێی گەڕان بەدوای کتێبەکاندا زۆر گرنگە کاتەکانی زۆر فراوان بکرێتەوە تا قوتابی دوای دەوام و هەتا لە پشووەکانیشدا بتوانێت سودی لێ وەربگریت، قوتابی ڕۆژ تا ئێوارە یان تا نیوەڕۆ لە وانەدا بێت پێویستی بەوە هەیە دوای دەوام پشوویەك بدات و نان بخوات تا ئامادەی جارێکی تر بۆ دروست ببێت کە بڕوات سەردانی کتێبخانە بکات و چەند کاتژمێرێکی لەوی بە خوێندنەوە بەسەر بەرێت مەرج نی یە قوتابی هەر کتێب وەرگرێت و لە ماڵەوە یان لە داخلی بیخوێنێتەوە کە ئاشکرایە ئێستە لە داخلیەکاندا دەرفەتی خوێندنەوە لەلایەن هەندێکەوە لەوانی تریش تەسك کراوەتەوە، لە داخلی زانکۆی سەلاحەدین بووم شەوێك ئەو شەوە تا زیاتر لە سێ یەکی شەو تەپڵ و گۆرانی بووە وە وەك خۆشیان دەیان ووت ئەمە کارو پێشەی ئێمەیە لە داخلیدا، کەسێك کتێبخانەی لێ دابخرێت و لە داخلیدا ژیان بەسەر بەرێت و داخلیش ئەوە حاڵی بێت خۆ ناچێت لە

چاپخانەدا بخوێنێتەوە، وە پێویستە لە کتێبخانەکانیشدا کۆمپیوتەری زۆری تێدا بێت تا دەرفەت هەبێت بۆ قوتابیان بڕۆنە سەر وێبەکان و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکانیان بکەن، هەروەك گرنگە ئەو سستمە بەکار بێت بۆ گەڕان بەدوای کتێبدا کە بە ئاسانی بدۆزرێتەوە بۆ نمونە سەیرێکی سایتەکانی زانکۆکانی بەریتانیا بکەن بەشی کتێبخانە بۆ نمونە ئەو زانکۆ ئێستە منی لێم ئەمە سایتەکەیەتی[xxxvii] ئەو سستمەی کە بۆ کتێب دۆزینەوە هەیە ئێستە لە کوردستاندا زۆر کۆنەو کاتی قوتابیان زۆر بە فیڕۆ دەدان بە گەڕان بەدوای کتێبدا، لە زانکۆی دهۆك لە قوتابیەکی پۆلی چواری ئاداب ئینگلیزم پرسی ئەگەر بتەوێ کتێبێك بدۆزیتەوە چۆن دەیدۆزیتەوە ووتی ئاڵۆزە بەڵام دەکرێت منیش کتێبێکم بەدەستەوە بوو ناوی نووسەرو کتێبەکەیم پێ ووت دوای گەڕانێکی زۆر نەیتوانی بیدۆزێتەوە، جگە لەوەی گرنگە کتێبخانەکان فراوان بکرێت و ئازادی ئەوە بدرێت بە قوتابی خۆی بەناو کتێبخانەدا بگەڕێ بەدوای ئەو کتێبەی حەزی لێیە مەرج نی یە تەنها ئەوەی کە دەیەوێت، زۆرجار بۆ کتێبێکی تایبەت گەڕاوم بەناو کتێبخانەی زانکۆکەمدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند کتێبێکی ترم بەلاوە گرنگ بووەو

سودمەند بووم پێی، ئەگەر قوتابی تەنها لە پەنجەرەیەکەوە داوای کتێب بکات ئەگەر نەبوو بەبێ ئومێدی دەگەڕێتەوە بەڵام گەر خۆی بەناو کتێبخانەکەدا گەڕا ئەگەر ئەو کتێبەشی کە دەیەوێ لە کتێبخانەدا نەبێت لەهاوشێوەی یان نزیك لە هاوشێوەی بەدەست دەخات.

6-نەبوونی سستمی بەحس کردن ویان کەمی هەبوونیان.

خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکردنی قوتابی زانکۆ سستمی بەحس نوسین لە پرۆگرامی پەروەردەدا بۆ نمونە زۆرێك لە مادەکانیان بە بەحس تاقی کردنەوەیان هەبێت یانی لەبری ئەوەی تاقی کردنەوە بکەن لەسەری تاقی کردنەوەکە بە نوسینی بەحس بێت و وە دوایان لێ بکرێت بۆ هەر مادەیەك بۆ نمونە دوو بەحسی لەسەر بنوسن و ڕێژەیەکی دیاری کراو هەم بۆ ووشەو وەیان لاپەڕە وە هەم بۆ سەرچاوە دابنرێت ئەوکات قوتابی ناچار دەبێت کە کۆمەڵیك سەرچاوە بخوێنێتەوەو وە ڕادێت لەسەر نوسین و خوێندنەوە وە ئەم ممارەسەکردنە دەبێت ئەزموونێکی زۆر باش بۆی لە دوا ڕۆژداو وە فکری بڵاو دەکات، بەڵام ئەگەر هەر بە ئیمتیحان بوو ئەوسا هەر

جەخت لەسەر تەنها كتێبی دیاركراوە دەبێت و وە دوور نی یە جۆرێك لە ڕێگەی نا سروشتیش بگرێتە بەر بۆ دەرچوونی، ئەم خاڵەیە كە وا دەكات لە قوتابی هەم بەدەم كتێبخانەوە بێت وە هەم بە بەكارهێنانی كۆمپیوتەرو تەكنەلۆجیا، هەر بۆیە سستی زۆر لە قوتابیانی زانكۆ كوردستاندا دەبینرێت لەسەر خوێندنەوە وە نوسین هەر باس مەكە چونكە زۆر گرانترە، لە قوتابیەكی زانكۆی سەلاحەدین ئادابی ئینگلیزی پۆلی سێم پرسی بێ زەحمەت كتیبخانەكە لە كوێیە؟ ووتی: واللە نازانم لە كوێیە بەڵام ئەوەندە دەزانم كتیبخانەی تێدایە، یانی تەنها بەوەندە دەیزانی كتێبخانە لە زانكۆكەدا هەیە زۆر بوو بەلایەوە. دەبینین عێراق مێژوویەكی كۆنی لە نوسین و بەرەوپێش چوونی ئەو بوارەدا بووە كە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 5000 ساڵ

. (Yule :2006 p22)

دەبوایە ئێستە زۆر برەوی پێ بدرایە نەك پشتگوێ بخرێت و كلوی بۆ نەكرێت قوتابیان خۆیانی لەسەر ڕابهێنن.

7-گوێزانەوەی قوتابیان بۆ شارەكانی تر بە مەبەستی خوێندن.

کاتێك باس لە گوێزانەوە دەکرێت مەبەست لەو گوێزانەوەیە کە قوتابی هەمان بەش کە خۆی دەیەوێت وەیان نایەوێ و پێی دراوە لە شارەکەی خۆیدا هەیە بەڵام بەهۆی دەرەجەوە وە یان هەر هۆکارێکی تر لە شارەکەی خۆی پێی نەدراوەو ناردوویانە بۆ شارێکی تر. هەرچەند بە بڕوای نووسەر کارێکی باشە ئەگەر قوتابی خۆی ئارەزووی بکات لە شارێکی تر بخوێنێ بۆ زیاتر تێکەڵی و بینینی جێگەی جیاواز لەوەی کە تێیدایە کە دەکرێت ئەزمونێکی باش وەیان جیاوازی لێ وەربگرێت بەڵام زۆرێك لە قوتابیان دەرامەتی مادیان زۆر کزەو لەسەر ئەرکی ماڵ دایك و باوکیان دەژین وە ئەوانیش لە خۆیان دەگرنەوە بۆ کوڕ یان کچەکەیان وە ئەوەش زەختێکی دروست کردووە لە دەروونی قوتابیەکەداو پێی ناخۆشە ماڵەوەیان بەهۆی ئەوەوە باری ژیانیان قورس ببێت ئەمە جۆرێك لە فشاری دەرونی لەسەر قوتابیەکە دروست دەکات کە بێ گومان کاری بۆ سەر خوێندنەکەی دەبێت.

8-دیاردەی حیزبایەتی و گرنگی دان پێی لە زانکۆکاندا.

ئەوەی کە بوو بووە مایەی نیگەرانی و هەردەم ڕژێمی بەعسی پێ لەکەدار دەکرا لە چوار چێوەی خوێندندا بە حیزبی کردنی قوتابیان بوو، بە داخەوە ئێستەش هەمان هزر لە نێو حیزبە کوردیەکاندا دەبینرێت و هەرکەس بۆ خۆی هەوڵی سەرنج ڕاکێشانی قوتابی دەدات بۆ لای خۆی وە چەندەها وەسیلەی جۆراو جۆر دەگرنە بەر بۆی وە هەتا زۆرجار تەسکیەی حیزبیت نەبێت کارت بۆ ناکەن جگە لەوەی زۆرکارو چالاکی حیزبی دەخرێتە ناو زانکۆکانەوە.

ئەو کەسەی لایەنگیری حیزبێکە وەك مامۆستا بۆ برەودان و زاڵکردنی حیزبەکەی خۆی تێکەڵی وانەکانی دەکات و وە زۆر قوتابیش بە ئاشکرایە هاواری ئەوە دەکەن کە لە لایەن مامۆستایانی حیزبیەوە ستەمیان لێ دەکرێت وەك نەدانی دەرەجەی تەواو وەیان دانی دەرەجەی زۆر بە کەسانی حیزبی[xxxviii]، جگە لەوەش حکوومەتیش هەر هەمان هزر بەکار دێنێت کەسێك کە واسیتەیەکی حیزبی هەبێت زۆر بە ئاسانتر کارەکانی بۆ دەکرێت چ وەك وەرگیرانی لە ئاستی سەرەوەی خۆی زیاتر وە چ وەك ڕاپەڕاندنی کارەکانی تری وەك گواستنەوە بۆ ئەو قوتابخانەی کە خۆی دەیەوێت. گەر

حکوومەت هزری بێ لایەنی سەربخات لە خوێندنگاکاندا لایەنی زانستی زۆر بەرەوپێشی بەخۆیەوە دەبینێ.

9-کێشەی زمان و تێنەگەشتنی نێوان قوتابی و مامۆستا لەسەر زمان.

ئەم دیاردە زیاتر لە زانکۆکاندا دەبینرێت کە زۆرێك لە مامۆستاکان عەرەبن وەیان کوردن و خەڵکی بەشێکی جیان لە قوتابیان وە یان کوردن بەڵام وانەکان بە ئینگلیزی دەڵێنەوە.

ئەم دیاردە بە ئاشکرا لە زانکۆی دهۆك و پەیمانگای هەڵەبجە بینیم وە زۆرێکی تریش باسی ئەو کێشانەیان دەکرد[xxxix]، جا ئەوەی گرنگە حکوومەت بیکات لە ئامادەییەکانداو پێش چوونی قوتابی بۆ زانکۆ برەوێکی زۆر زیاتر بدرێت بە زمان بۆ ئەو کەسانەی بەتایبەتی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی کە زمانی زانکۆن زیاتر، وە هەروەها برەودانی زیاتریش لە ناو زانکۆدا وەك چڕکردنەوەی بابەتەکان و وە هەروەها دانی کاتی زیادە لە دەرەوەی کاتی زانکۆدا وەك ئەوەی بەسەر مندا هات لە لەندەن.

10-زەمینە نەسازاندن بۆ خوێندن لە ڕووی ساردی و گەرمیەوە.

قوتابی بۆ ئەوەی بیری لای خۆی بێت و بتوانێت تەركیز بكاتە سەر وانەكان دەبێت ئامادەسازی بۆ بكرێت لە ڕووی جەستەیی و بیریشەوە، خاڵێكی گرنگ كەوا لە قوتابیان دەكات كە گوێ بۆ خوێندن نەگرن و نەتوانن تەركیز بكەنە سەر وانەكە ساردی و سۆڵەی زستانە كە لە زۆرێك لە خوێندنگاكانی كوردستاندا ئەوەی كە من ئامادەی بووم تەنها پەیمانگەی هەڵەبجەو زانكۆی كۆیە ئەم كێشەی نەبوو وە هەموو قوتابخانەو زانكۆكانی تر بەدەست ئەم كێشەوە دەیان ناڵاند[xl]. وە دەبێت حكوومەت بەبێ جیاوازی كێشەی هەموو قوتابیان چارەسەر بكات نەك لە هەڵەبجە قوتابی لە جێگەی گەرم و گوڕدا بێت و لە دهۆك قوتابی لەسەرماندا هەڵ بلەرزێ.

11-بەرتەسكی دەرفەت لە ڕووی خاوەن بڕوانامەكانەوە.

ئەو كەسەی كە خوێندن تەواو دەكات هەر كەسەو بوارێكی تایبەتی خۆی دەبێت ببێت بەڵام نەبوونی دەرفەت لەبەردەم بڕوانامەكاندا حكوومەت بەناچاری دەیانكات بە مامۆستا

لەکاتێکدا پیشەی زۆرێکیان مامۆستایی نی یە یا خوێندنیشی تەواو کردبیت و تا ڕادەیەکیش توانای بەسەر مامۆستایدا هەبێت (بوار ژمارە یەك: لا 30).

12-ڕانەهێنانی مامۆستا لەسەر چۆنێتی وانە ووتنەوە بەشیوەیەکی دروست.

ئەوەی کەزۆر لە مامۆستاکان بەدی دەکرێت ئەوەیە شێوازێکی کۆنیان گرتووەتە بەر لە وانەو ووتنەوەداو هەر لەسەر هەمان ڕێڕەو دەڕۆن و لە وانە ڕێزمانیەکان زۆر بایەخی پێ دەدرێت و تەرکیز دەکرێتە سەر کتێبەکان و سود لە سەرچاوەی دەرەکی و هزرە تازەکان بەکار ناهێنریت.

دەبیت ئەوە فێر بکرێن کە چۆن زانیاریەکان دەگەیەنن و وە چۆن ڕێکی دەخەن چونکە زمان کارێکی ئاسان نی یەو دەبێت ڕێگەی بۆ بگیرێتە بەر وە کاتێك مامۆستا قسە دەکات وەیان دەنوسێ دەبێت زۆر ڕوون بێت و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجی

.(Parrott: 2007, p252-253, p312-314)

وه گرنگه مامۆستا ڕابهێنرێت لەسەر ئەوەی بزانێت قوتابی تاقی بکاتەوەو بزانێت لەبەرچی دەخوێنێ ئایا بۆ خۆشی یە وەیان بۆ بەدەست کەوتنی ئیشی باشترە، یان بۆ هەر مەبەستێکی ترە تا لەو ڕێگەوە نمونەی زیندوو وە چۆنێتی مامەڵەی دروستیان لەگەڵ بکات و ئەو ڕێگە بکات بە دەرگایەك بۆ زیاتر زانیاریدان بە قوتابیان و وە ئاستیان بزانێت.

. (Harmer: 1991, p 1-10)

وە ئەو کەسانەی کە زمان دەخوێنن دەبێت مامۆستا کارەکتەری زیاتر بەکار بهێنێ و سەیری هەموو پێکاتەکانی زمان بکات بە هەموو شێوەکانیەوەو لە وانەدا هەوڵی بە کرداری کردنی بدات (قەرەداخی: 2007)، نەك تەنها نەزەری بێت و بۆ تاقیکردنەوە بێت.

ئەم ڕاهێنانە دەبێت هەر لە قۆناغەکانی زانکۆوە دەست پێ بکات و وە دوای تەواو کردنیشیان بەردەوام ڕاهێنانیان پێ بکرێت و لە نوێکاریەکان ئاگاداریان بکەنەوە. وە ئەزموونی وولاتانی تر بهێنرێتە ناو خوێندنەوەو بکرێت بە ئاسانکاریەك بۆ خۆمان بۆ نمونە وولاتێکی عەرەب نزیکترە لیمانەوە لە زۆر

ڕووەوە جا کاتێك ئەوان ئەزمونێکیان وەرگرتووە لە فێربووندا مادام خاڵەکە هاوبەشەو هەردوو هەوڵی فێربوونی زمانە بۆ نمونە وە هیچکام لە ئێمەو ئەوان زمانی خۆمان ئینگلیزی نی یە ئەو پلانەی ئەوان پێی سەرکەوتوون بۆ فیربوون کارێکی گونجاوە ئێمەش بیانگرینە بەر

.(Kassem, M. Wahba, Zeinab A. Taha, Liz England. 2006)

وە هەروەها سود لە ئەزموونی فێرکردن و فێربوونی کەسانی تر وەرگرین چ وەك مامۆستاو وە چ وەك قوتابی وە سەیری ئەو سەرچاوانە بکرێت و مامۆستا ڕۆحیەتێکی زیندووی تێدا دروست بکرێت کە بەدوای ئەو سەرچاوانەدا بڕوات

.(Amy, B. M. Tsui, Amy Tsui. 2003)

وە لێ پێچینەوەی لەگەڵ بکرێت دیاری و خەڵات بەکار بهێنرێت بۆ زیاتر شەوقی ئەو کارە.

13-دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان.

خاڵێکی تر کە بەردەوام زۆر لە خوێندکاران بیری لێ دەکەنەوە ئەوەیە کە ئەوان دوای دەرچوونیان لە زانکۆو پەیمانگاکان دانامەزرێن و خەمساردی ڕوویان تێ دەکات و گەرمیان نامێنی لەسەر خوێندن بەڵام وەك بڵێی تازە هەرچۆنێك بێت با تەواو بکەم. وە زۆرجار دەبینین دەرچوانی پەیمانگاو زانکۆکان دەڕژێنە سەرجادەکان بۆ خۆ پیشان دان و ناڕەزای دەربڕین لەسەر دانەمەزراندنیان لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە[xli]

14-کۆنی پرۆگرامی خوێندن.

ئەو پرۆگرامەی کە پەیڕەوی دەکرێت زۆر کۆنن و تەقلیدین و پێویستە بگۆڕدرێن و شیوازی نوێ بهێنرێتە کایەوە بۆ زیاتر بەرەو پێش چوون، وە هۆکاری ئەو سستمە کۆنە دەبینین زانکۆکانمان لە دواوەوەی زانکۆکانی هەتا ئەفغانسان و کەرتی غەزەشن کەئەو هەموو کێشەشیان تێدایە[xlii]

**خاڵە بەهێزەکان**

1-خوێندن بەبێ بەرانبەرو یارمەتی دارای.

یەكێك لەو كێشە گەورانەی كە ڕووبەڕووی قوتابی دەبێتەوە نەبوونی یان كەم دەرامەتی یە ئەمەش شتێكی عەیب نی یە چونكە قوتابی سەرقاڵی خوێندنەو وە كاتەكانی لە خوێندندا سەرفی دەكات و دەرفەتی كاری یان هەر نامێنێ وەیان زۆر كەم دەبێتەوە هەربۆیە یارمەتی دانی قوتابی لە ڕووی داراییەوە خاڵێكی زۆر ئەرێنیەو وە زۆر دڵخۆشكەرە. ئەگەر سەیری ووڵاتانی دەرەوە بكەین بەتایبەت ئەوروپا دەبینین قوتابی پارەیەكی یەكجار زۆر بۆ خوێندن دەدات و وە پێویستی بە دەرامەتێكی باش دەبێت بۆ تەواو كردنی زانكۆ وە جیاوازیەكی زۆریش دەكرێت لەخوێندندا لە نیوان كەسی ئەوروپی و هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەوروپی لەگەڵ بێگانەدا

.(Breimer &Saris:2006, p37)

بەڵام لە كوردستاندا هەموو كەس بەبێ جیاوازی قەومی لە یەك پۆلدا دەخوێنن و كەس پارەی لێ وەرناگیرێ بۆ خوێندن و یارمەتی بێ بەرانبەریشی دەدریت. وە لە ووڵاتانی تردا پارە بووتە كێشەیەكی گەورە لەبەردەم خوێندندا بەشێوەیەكی وا دەبێت دایك و باوكی منداڵان هەر لە كاتی لەدایك بوونیەوە

خەمی پارە بۆ ئەو منداڵە بخۆن کاتێك دەچێتە زانکۆ وە هەتاوەکو دێت بەرەو سەرەوەش دەچێت[xliii] لە کوردستاندا تا ڕادەیەکی باش قوتابیان لە پێشن، وەگەرچی زۆرێك دەڵێن کوردستان وولاتی نەوتەو دەوڵەمەندە پێویستە قوتابیان زیاتریان بۆ بکرێت بەڵام ئەو ئاستەش کە هەر ئێستە هەیە جێگەی نرخاندنە.

2-پەرەپێدانی حکوومەت لە ڕووی بینایەوە.

هەرکەس بەچاوی ئینسفاوە چاوبگێڕێ بە کوردستاندا دەبینێت زۆر بینای و جێگەی تازە بۆ قوتابیان و مامۆستایان کراوەتەوەو وە بەردەوامیش بەرەو پێش دەچیت بۆ نمونە ئەو پەیمانگاو زانکۆ جوانەی کە لە کەلارو هەڵەبجەدا هەیە بەرهەمی تازەی حکوومەتی هەرێمە وە هەروەها داخلی کۆیەو زۆر جێگەی تریش.

3-زیادکردنی مووچە بۆ مامۆستایان.

هەوڵیکی زۆر باش و شایەنی ئاماژەیە کە مامۆستایان ئێستە بەو پارەی کە وەری دەگرن دەتوانن ژیانێکی ئاسایی خۆیان پێ

بەسەر بەرن و پێویستیان بە کارکردنی دوای دەوام نی یە وەك لە ساڵەکانی پێش 2003دا دەبینرا، وە مامۆستایانی زانکۆ زۆر لەوە زیاتریان هەیەو دەتوانن برەو زیاتر بەلایەنی زانستی بدەن بەهۆی ئەو مادەی کە دێتە بەردەستیان.

4-ناردنی قوتابیان بۆ وولاتانی درەوە بە مەبەستی زانستی چی وەك خول وە چ وەك خوێندنی باڵا.

زۆر لە جێگەی خۆیدایە کە بەردەوام کەسانی لێهاتوو بۆ وولاتانی پێشکەوتوو بنێردرێن بە مەبەستی خوێندنی باڵاو خولی جۆراو جۆر، وە حکوومەتی هەرێم هەوڵێکی تاڕادە باشی داوەو ئەو کەسانەی کە دەنێردرێنە دەرەوە ئەزموونی وولاتانی تر لەبەرچاو دەگرن و ئەزموونی خۆمانی پێ دەوڵەمەند دەکرێت[xliv].

5-فراوانکردنی بەشەکان.

زیادکردنی بەشەکانی خوێندن زیاتر دەرگا دەکاتەوە بە ڕووی خوێندنداو ئارەزوومەندانی بۆدەجوڵێنێ و وەهەروەها وولاتیش پێویستی بە کەسانی پسپۆڕو بەتوانا هەیە لە هەموو بوارەکاندا

وە ئەمەش بە بوار کردنەوە بۆیان دەبێت و وە باشترین بواریش بۆ ئەو مەبەستە کردنەوەی بەشی تایبەتی یە پێیانەوە تا بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەسپی خۆیان لەو بوارەدا تاوبدەن.

6-دەرفەت دان بە زانکۆو پەیمانگە ئەهلیەکان.

ئەوەی کە جێگەی خۆشحاڵیە کەوا حکوومەتی هەرێم دەرفەتی کردووەتەوە بۆ توانامەندان لە کردنەوەی زانکۆو پەیمانگای ئەهلی کە بەم دەرفەتە ئەزموونی نوێ و هەلێکی باشە بۆ فراوانکردنی بواری خوێندن.

**کۆتایی**

گەر بێت و بە ووردی تەواو سەرنجی خوێندن و پلەکانی بدەین لە کوردستاندا لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 لە کوردستاندا دەبینین بە چەند مەرحەلەیەکی جیاوازدا تێپەڕی وە دەتوانین دەسنیشانیان بکەین بەم جۆرە:

1-مەرحەلەیەکی سستی و بەڕێکردنی خوێندن بەشێوەیەکی ناچاری و برەو نەدان پێی ئەویش بەهۆی کەم ئەزموونی حکوومەتی هەرێم و وە شەڕەکانی ناوخۆوە.

2-بایەخدانێکی کەم و کەموکوڕیەکی زۆر لە دوای شەڕەکانی ناوخۆوە.

3-بایەخدانێکی زیاترو هەوڵی فراوانکردنی خوێندنگاکان چ لە ڕووی بینای و چ لە ڕووی زیادکردنی بەشەوەو فراوانکردنی لایەنی خوێندن لە دوای داگیر کردنی عێراقەوە لە ساڵی 2003دا.

ئەوەی کە بەدەر دەکەوێت لەگەڵ ئەوەی کە پێشکەوتنێکی زۆرو بەرچاو بەخوێندنەوە دەبینریت کەم کردنەوەی ئەو هەموو کەم و کوڕیانەی کە پێشتر هەبوو بەتایبەت لە کاتی شەڕەکانی ناوخۆدا ئێستە لە ئاستێکی زۆر لە باڵادایە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەدا، بەڵام زۆرکاری تر هەیە کە دەبێت حکوومەتی هەرێم زیاتر برەوی پێ بدات بۆ ئەوەی خوێندن بتوانێت جێگەی متمانەو دڵخۆشی هەموو لایەك بێت، لەوکارانەی کە زۆر گرنگن:

1- بێ لایەنی خوێندن و تێوەنەگلانی بە کاری حیزبیەوەو یارمەتی دانی مامۆستاو قوتابی بەبی منەتکردنی حیزبیەوەو هاندانیان بۆ برەودان بەخوێندن لەبری کاری حیزبایەتی.

2-پێویستە بوارەکانی خوێندن فراوان بکرێت و چ لە ڕووی زانستیەوە وە چ لە ڕووی زیاتر کردنی پۆل و بینایەوە.

3-پێویستە بواری زیاتری کار بکرێتەوە بۆ قوتابیان تا بتوانن دوای تەواوکردنی زانکۆیان لەبواری خۆیاندا کار بکەن نەك بەناچاری بکرێت بە مامۆستا کە پیشەی زۆرێکیان نی یە.

4-گرنگی دان بە منداڵان و موچە بڕینەوە بۆیان.

لە عێراق و کوردستاندا منداڵ هیچ گرنگی پێ نەدراوە لەلایەن حکوومەتەوەو پشتگوێ خراون و زۆرێك لەو منداڵانە بەهۆی بارودۆخی عائیلەکەیانەوە بەبارودۆخی زۆر سەخت و دژواردا ڕۆشتوون وە هەروەها ڕووبەڕووی ترس و کوشتن و زۆر شت بوونەتەوە لەکاتێکدا منداڵان ڕێژەیەکی زۆر پێك دەهێنن لە کوردستاندا

.(John &salih:2006, p143-145)

گەر بێت و حکوومەت وەك وڵاتە پێشکەوتووەکان مافی مداڵان بدات و هەر منداڵەو موچەو پێداویستی خۆی بدرێتی ئەو کات مافی ئەوەشی هەیە بەسەر سەرپەرشتیاری

منداڵەکانەوە کە بەزۆر بیان نێرن بۆ خوێندن و برەوی پێ بدەن.

4-ڕاهێنانی تەواو بە مامۆستا پێش بە مامۆستا کردنی و بەکارهێنانی سەرچاوەی دەرەکی بەگوێرەی پێویستی قوتابی.

گرنگە مامۆستا بتوانێت قوتابیەکانی بخوێنێتەوەو بزانێت چیان پێویستەو بۆ فێربوون بۆ ئەم مەبەستە وا دەخوازی مامۆستا پێویستی بە سەرچاوەی دەرەکی هەبێت بەدەر لە پەرتوکی دیاری کراو وە دەبێت بواری ئەوەی هەبێت هەم وەك ڕێگەی پێدان وە هەم وەك کات تا بتوانێت بیگەیەنێت بە قوتابیان

. (Wharton& Race: 1999, p11-14)

ڕێگەی تاقیکردنەوەی قوتابی و زانینی ئاستیان زۆر جار هەر بە پرسیاری بۆ دەردەکەوێت و پێیان بوترێت بۆ ئەوە حەز لێ دەکەیت؟ بۆ ئەتەوێت ئەوە بخوێنێ؟ هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە کە ئامانجە بپێکرتێت.

.( Kangas: 2000p xxii)

وه هەروەها جۆرێتی تاکتیکی گەیاندنی بە قوتابی و سود وەرگرتن لە زمانی دایك و نمونەنی زیندووی واقعی

.(Brown & Kessel:1988,p29)

سود وەرگتن لەو توانایەی کە منداڵ لە منداڵیەوە هەیەتی بقۆزریتەوە بۆ فێربوون بە تایبەت ئینگلیزی کە زمانێکی زۆر جیاوازە لە زمانی دایك

.( Erneling:1993,p7-9)

ئەوەی لێرەدا زۆر مەبەستە منداڵ توانایەکی زۆری هەیە بەسەر زمانداو لە یەك کاتدا دەتوانێ بەرگەی فێربوونی چەند زمانێکی هەبێت جا گەر هەر لە منداڵیەوە هەوڵی سود وەرگرتن لەو توانایانە بدرێت کە گەورە بوو ئەوسا زۆر بە توانا دەبێت لە زماندا، وە زمانی ئینگلیزی لەبەر ئەوەی زمانێکی بێگانەیەو جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا گرنگە لە سەرەتاوە برەوی پێ بدرێت و هەوڵی فێر بوونی بدرێت.

گرنگی دان بە کات و بەرنامە دانان بۆ وانەکان و دابەشکردنی کاتەکەی بە چەند جۆریك ڕاهێنانەوە، وەك تێکەڵ کردنی قوتابی و پرسیار کردن لەیەکتروو، پێشبڕکێ و کردن بە دووبەشی جیاوازوو پرسیار کردنی هەر بەشێك لەوی تریان .(Bonnie: 2008,p1-6)

وە هەر ئەو ئەزموونەی کە منداڵ خۆشی هەیەتی لە فێربوونی زمانی یەکەم کە بەبێ ئەوەی بچێت بۆ قوتابخانە فێری زمانی دایك بووە گرنگە مامۆستا وانەی لێ وەرگرێ، بۆ نمونە منداڵ تەنها لە تێکەڵی و بیستنی قسەی هەمە جۆر لە چواردەوری بووەتە مایەی فێربوونی زمانی یەکەمی جا بۆ بایەخدان بەو ئەزموونە گرنگە مامۆستا کە زمان دەڵێتەوە زۆر قوتابی بجوڵێنی بۆ قسە کردن و بیستن جا ئەو کاتە هەروەك چۆن زمانی یەکەم فێر بووە ئاسانکاریەکی زۆر باشیش دەبێت بۆ فێربوونی زمانی دووهەمی.

4-فێربین چۆن فێربین لە قوتابخانەدا.

خاڵێکی گرنگ و بەهێزە کە ئەوە فێر قوتابیان بکرێت کە چۆن فێر بن لە قوتابخانەدا زۆرێك ئاگایان هەر لەوە نی یەو قوتابخانە بە جێگەی حەوانەوەو ساتێك دووری لەماڵ تێی دەڕوانن وە پێویستە ئەو هونەرە فێری قوتابیان بکرێت

.(James:2007, p45-47)

5-ڕەچاوکردنی تواناکان و توانای هەزم کردنی وانەکان.

زۆر گرنە مامۆستا توانای قوتابیەکان لەبەرچاو بگرێت و بەپێی توانایان ئەرکیان بەسەردا بدات، وە زۆرجار لەوانەیە پێویستی بە هۆم ۆرکی جیاوازیش بکات هەر بۆیە لە سەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە گرنگە سەرچاوەی تر بهێنرێتە ناو وانەوەو سودی لێ وەربگیرێ.

. (Blakemore: 2005, p138=140)

هەموو زمانێك مێژووی خۆی و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە گرنگە مامۆستا ڕەچاویان بکات و بەئاراستەی ڕاستی خۆیدا ببیات

. (Brutt-Griffler:2002,p1-2)

ئەوەش زۆر گرنگە ئامانجی وانەکان دیاری بکرێت و بزانرێت کە دوای وانەکان قوتابی دەبێت چی بێر بوو بێت نەوەك هەرەمەکی بدرێتە بەر

. (Baker: 2000, p21)

هەموو ئەو سەرچاوانەی کە هێما بۆ خاڵە لاوازەکانی پرۆسەی خوێندن و فێربوونی ئیگلیزی دەکەنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاو نەکردنی ئەو خاڵانە وەیان سستی ڕەچاوکردنیان و بەگوێرەی پێویست بەدەمەوە نەبوونی.

هەموو ئەو خاڵانەی کە هێمامان بۆ کردن دەبێتە مایەی بەرەو پێشچوونی خوێندن و پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا وە بەتایبەت تر ئینگلیزی وە هەروەها زۆر گرنگە کە چاودێرێکی بەهێزوو بەردەوامیش بەسەریانەوە بێت بۆ لێپرسینەوە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکان بەگوێرەی پێویست.

# سەرچاوەکان


**1**-Amy, B. M. Tsui, Amy Tsui. 2003. **Understanding Expertise in Teaching**: Case Studies of Second Language Teachers. USA: Cambridge University Press, 308 pages
ISBN 0521632072, 9780521632072

ISBN 080585102X, 9780805851021

2-ناوی پەڕتووک؛ **کۆماری مەهاباد**, نوسینی؛ ئارچی ڕوزفلت,14- وەرگێڕانی؛ ئەکرەم قەرەداخی

Archie Roosevelt: '**The Kurdish Republic of Mahabad'**, The Middle East Journal, July 1947 no. 3 pp247 269. Translated by Qaradakhy, A.

3- Baker, J. Westrup, H. 2000. **The English Language Teacher's Handbook: How to Teach Large Classes with Few Resources**. Continuum International Publishing Group, 170 pages
ISBN 0826447872, 9780826447876

4-Berch, B: **Nationalism and Ethnic Conflict**, ISBN: 0-7426-3544-4.

5- Blakemore, S. Frith, U. 2005. **The Learning Brain: Lessons for Education**. Blackwell Publishing, 216 pages
ISBN 1405106220, 9781405106221

6- Bonnie, M. D. 2008. **How to Teach Students Who Don't Look Like You: Culturally Relevant Teaching Strategies**. United State of America: Corwin Press. 48 pages.
ISBN 1412968526, 9781412968522

**7-** Brown, R. Kessel, F. S. 1988. **The Development of Language and Language Researchers. Essays in Honor of Roger Brown**. Lawrence Erlbaum Associates, 423 pages
ISBN 0805800638, 9780805800630

8- Brutt-Griffler, J. 2002. **World English: A Study of Its Development. Multilingual Matters**, 215 pages
ISBN 1853595772, 9781853595776

9-D, Breimer. F, Saris, **2006 Whose University is it?** Amsterdam university press.
ISBN 13 9789085553410

10- Erneling, C. E. 1993. **Understanding Language Acquisition: The Framework of Learning**. United State of America: SUNY Press, 256 pages
ISBN 0791414612, 9780791414613

11-F, Rajee, 2002: **The Iran Iraq war**, University of Florida. ISBN 0-8130-1176-0

12- Harmer, J. 1991 new edition**. The Practice of English Language Teaching**. UK: Longman.

ISBN 0-582-04656-4

13- Harmer, J. 1998**. How to Teach English**. Malaysia: Longman

ISBN 058229796 6

14-هۆمەر قەرەداغی،**سیستەمی فێرکاری**، 2006کۆمەک - کوردستان چاپی دووەم.

تەواوی کتێبەکە لەسەر ئەنتەرێت.

http://www.komak.nu/Kurdi/Proje/systemi_feerkari.htm

15- James, M. 2007. **Improving Learning How to Learn: Classrooms, Schools and Networks**. United States of America:  Routledge, 249 pages
ISBN 0415404274, 9780415404273

16- John, B. Salih M. K. 2006. **The Future of Kurdistan in Iraq**, University of Pennsylvania Press, 355 pages
ISBN 0812219732, 9780812219739

17- Kangas, T. S. 2000. **Linguistic Genocide in Education, Or Worldwide Diversity and Human Rights**. Lawrence Erlbaum Associates, 785 pages
ISBN 0805834680, 9780805834680

18- Kassem, M. Wahba, Zeinab A. Taha, Liz England. 2006. **Handbook for Arabic Language Teaching Professionals in the 21st Centur**y. United States of America: Routledge, 477 pages

19-ناوی پەڕتووک؛ **کۆماری کوردستان- مەهاباد** نوسینی؛ نەوزاد مەجید/ خدر سەرمۆردی1946

ژمارەی سپاردن 218

Majed, N. Sarmordy, K. 2004. **Republic of Kurdistan - Mahabad 1946**. Kurdistan: Maktab biro hoshyary

Number (this is equivalent to ISBN) 218

20-ناوی کتێب؛ **زمان**,نوسینی؛ بێرنارد کەمرێ، جێرید دایەمەند، دەوگ واڵن، ک. دەیڤید هاریسن,وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە؛ کامیل محەمەد قەرەداخی

ژمارەی سپاردن519

Mohammad, K. 2007. **Language**, Kurdistan: Ministry of Kurdistan Management and Translation
Number (this is equivalent to ISBN) 519

21-**کورد و کوردستان**

نوسینی؛ کۆمەڵێك لە ئەفسەران و پسپۆرانی سیاسی ئینگلیز

وەرگێرانی؛ حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف.

ژمارەی سپاردن240

Nirgsagary, H. O. Ahmad Jaf, H. 2002 first edition. Kurds and Kurdistan. Kurdistan: Ministry of Education Erbil

Number (this is equivalent to ISBN) 240

22-**گۆڤاری بوار ژمارە یەك هاوینی 2009**، خاوەن ئیمتیاز عومەر عەلی، سەرنووسەر تاریق ئەوڕەحمان ئاوەلی

23-Parrott, M. 2007. **Grammar for English Language Teachers**. UK: Cambridge University Press

ISBN 978-0-521-47797-0

24-**مێژووی دێرینی کوردستان**- فاضل قەرەداغ,

ژمارەی سپاردن 686

Qaradakhy, F. Hama Karim, H. M. 2006. **Old History of Kurdistan**. Kurdistan: printer and publisher of the author

Number (this is equivalent to ISBN) 686

25-**چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

نوسینی؛ دکتۆر یاسین سەردەشتی.

ژمارەی سپاردن 641

Dr. Sardashty, Y. 2007. **A Few pages in the History of Middle Kurdistan**. Kurdistan: Sima Sulaimany

Number (this is equivalent to ISBN) 641

26- **کورد، عەرەب، بەریتانییەکان**, بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشوری کوردستان 1919 تا 1929, وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە؛ دکتۆر یاسین سەردەشتی.

ژمارەی سپاردن1079

Dr. Sardashty, Y. 2007. **Kurd, Arab, English from 1919 to 1929**. Kurdistan: Sima Sulaimany

Number (this is equivalent to ISBN) 1079

27- Wharton, S. Race, P. 1999. **500 Tips for TESOL: Teaching English to Speakers of Other Languages**. UK: Routledge, 149 pages

ISBN 978-0-7494-2409-1

28- Yule, G. 2006 third edition. **The Study of Language**. UK: Cambridge University

ISBN 0-521-54320-7

29-قورئانی پیرۆز

# سایتەکانی

[i] **Joseph Boyle, essay**

http://down.lledu.cn/article/3/2006/12/200612126160.html2009/07/27 ڕۆژی سەردان

[ii] **Kurdish Academy of Language**

http://www.kurdishacademy.org/?q=node/199 2009/07/27 ڕۆژی سەردان

[iii] **سەرۆکی حکوومەتی هەرێم نێچیرەڤان بارزانی**

http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010200&rnr=26&anr=304582009/07/27 ڕۆژی سەردان

[iv] **پەرلەمانی کوردستان**

http://www.kurdistan-parliament.org/default.aspx2009/07/27 ڕۆژی سەردان

[v] **Kurdistan**

From Wikipedia, the free encyclopedia

http://en.wikipedia.org/wiki/Kurdistan2009/09/27 ڕۆژی سەردان

[vi] **زمانی ئێرانی**

**Iranian languages**

From Wikipedia, the free encyclopedia

http://en.wikipedia.org/wiki/Iranian_languages2009/07/27 سەردان

**زمانی تورکی** vii

**Turkish language**

From Wikipedia, the free encyclopedia

http://en.wikipedia.org/wiki/Turkish_language2009/07/27 سەردان

viii **Arabic language**

From Wikipedia, the free encyclopedia

http://en.wikipedia.org/wiki/Arabic_language2009/07/27 سەردان

**سایتی زاگرۆس، عەبدوڵا ساڵح** ix

http://www.zagrostv.com/print.php?lid=2&id=27062009/07/27 ڕۆژی سەردان

**کامێرای کوردستان تیڤی لەسەر شەڕەکانی ناوخۆ x**

http://www.youtube.com/watch?v=P29mUkKZsIE&eurl 2009/08/13 ڕۆژی سەردان

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان xi**

http://www.puk.org/web/htm/about/hist.html2009/07/27 ڕۆژی سەردان

**پارتی دیموکراتی کوردستان xii**

**Kurdistan Democratic Party of Iraq**

From Wikipedia, the free encyclopedia

http://en.wikipedia.org/wiki/Kurdistan_Democratic_Party_of_Iraq ڕۆژی سەردان 2009/07/27

xiii خەون یان مۆتەکە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ... نەوشیروان مستەفا

http://www.kurdistannet.info/net/index.php/hemereng/3268-2009-05-04-21-42-24.html2009/07/27 ڕۆژی سەردان

بەڵگەنامەکان

http://sbeiy.com/UserFiles/File/Last01.pdf

xiv زانکۆی ئەمەریکا لە سلێمانی

http://www.auis.org/2009/07/27 ڕۆژی سەردان

xv زانکۆی کوردستان لە هەولێر

http://www.ukh.ac/2009/07/27 ڕۆژی سەردان

xvi سایتی ئەزموون

http://www.azmoon-kurd.com/dos-xweny-banahaq-rzhaw 2009/08/02 ڕۆژی سەردان

**xvii Tahir Taeb Ahmed**

**McMaster University**

http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=12&smap=&rnr=77&anr=1188 ڕۆژی سەردان 2009/08/13

xviii دەنگوباس

http://www.dangubas.com/(A(JmPjMh44ygEkAAAAOTAwMTEyYmQtMGZiOS00MzdhLTgzMzQtZTE2NjhlODcyODhlg4ffTNuzygUjSXhvQzvlcOAol-o1))/DosyaDetail.aspx?id=64&DosyaID=16&AspxAutoDetectCookieSupport=1 2009/07/28 ڕۆژی سەردان

xix فەرسین

سیستمی خوێندن و تێرۆر

http://varseen.kurdblogger.com/26021/%D8%B3%DB%8C%D8%B3%D8%AA%D9%85%DB%8C+%D8%AE%D9%88%DB%8E%D9%86%D8%AF%D9%86+%D9%

88+%D8%AA%DB%8E%D8%B1%DB%86%D8%B1+2+-+3.html ڕۆژی سەردان
2009/07/28

**xx نیقاش / کۆمەڵگە**

http://www.niqash.org/content.php?contentTypeID=74&id=483&lang=2 ڕۆژی سەردان
2009/07/28

xxi **شاخەوان هەورامیی. لەنێوان شەڕی ناوخۆی یەکێتی و پارتی و ئیسلامیدا دانیشتوانی خورماڵ بەئێستاشەوە کەمترین خزمەتگوزاریشیان پێشکەشکراوە.**

http://www.kurdistannet.info/net/index.php/gshti/4953-2009-07-07-09-30-02.html
2009/07/28 ڕۆژی سەردان

**xxii BBC, Profile: Kurdish Islamist movement**

http://news.bbc.co.uk/1/hi/not_in_website/syndication/monitoring/media_reports/2588623.stm2009/07/28 ڕۆژی سەردان

**هەروەها ئەم لینکەش**

http://en.wikipedia.org/wiki/Islamic_Movement_of_Kurdistan

**xxiii هەندێك وێنەی نێوان شەڕەكان**

http://ioerror.livejournal.com/186192.html2009/07/28 ڕۆژی سەردان

**xxiv کوردستان ئۆنلاین**

http://kurdistanonline.net/news.php?newsid=15345 2009/07/28 ڕۆژی سەردان

**xxv کوردستان ئۆن لاین، بابەتگەلێك لەسەر گرفتی مامۆستایان**

http://kurdistanonline.net/search.php?SearchString=%D9%85%D8%A7%D9%85%DB%86%D8%B3%D8%AA%D8%A7

**xxvi 2003 invasion of Iraq**

From Wikipedia, the free encyclopedia

http://en.wikipedia.org/wiki/2003_invasion_of_Iraq 2009/07/29 ڕۆژی سەردان

**xxvii أنصار الإسلام**

من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A3%D9%86%D8%B5%D8%A7%D8%B1_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85 ڕۆژی سەردان 2009/07/29

**xxviii دیمانەی موئمین زەڵمی لەگەڵ ئارام قادر**

http://www.zankokurd.org/Direje.aspx?Babet=Riportac&Jimare=149&Menu=Riportac ڕۆژی سەردان 2009/08/12

**xxix هۆمەر قەرەداخی**

http://www.komak.nu/index.php?option=com_content&view=article&id=181:2009-01-31-06-05-22&catid=41:2008-12-26-16-59-03&Itemid=64 2009/07/29ڕۆژی سەردان

**xxx نیقاش**

http://www.niqash.org/content.php?contentTypeID=74&id=2155&lang=2 ڕۆژی سەردان 2009/07/29

**xxxi منضمة التعليم العالى والعلوم والتكنلوجيا العراقية**

http://www.wmin.ac.uk/iraq-he/Conference%20Erbil%2007/Arabic-introd-1.htm ڕۆژی سەردان 2009/07/29

**xxxii سایتی زانکۆی دهۆك**

http://uod.ac/home.htm

**xxxiii سایتی زانکۆی سەلاحەدین**

http://www.salahaddin-ac.com/index.php?m=0&s=0

**xxxiv سایتی زانکۆی کۆیە**

http://www.koyauniversity.org/

**xxxv سایتی زانکۆی سلێمانی**

**تێبینی لەکاتی نوسینی ئەم بەحسەدا 2009/07/29 سایتەکە نا چالاك بوو**

http://www.univsul.com/

**xxxvi زانکۆی سلێمانی**

**Ji Wîkîpediya**

http://ku.wikipedia.org/wiki/%D8%B2%D8%A7%D9%86%DA%A9%DB%86%DB%8C%E2%80%8C_%D8%B3%D9%84%DB%8E%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%8C 2009/07/29 ڕۆژی سەردان

**xxxvii زانکۆی لامپیتەر لە وەیڵز/بەریتانیا**

http://cat.lamp.ac.uk/cgi-bin/Pwebrecon.cgi?DB=local&PAGE=First ڕۆژی سەردان 2009/07/30

**xxxviii کوردستان ئۆنلاین**

http://kurdistanonline.net/news.php?newsid=10069 2009/08/05 ڕۆی سەردان

**xxxix کوردستان ئۆنلاین**

http://kurdistanonline.net/news.php?newsid=7735 2009/08/05 ڕۆی سەردان

**xl کوردستان ئۆنلاین**

http://kurdistanonline.net/news.php?newsid=5540 2009/08/05 ڕۆی سەردان

**xli سایتی یەکگرتوو**

http://www.kurdiu.org/hawal/?pageid=8605 2009/08.06 ڕۆژی سەردان

**xlii کوردستان نێت**

**(k, s, d, o)ل.ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی***

http://www.kurdistanan.net/print.php?sid=11010 2009/08/06 ڕۆژی سەردان

**xliii telegraph**

http://www.telegraph.co.uk/finance/personalfinance/consumertips/5256086/University-fees-how-to-fund-your-childs-education.html 2009/08/05 ڕۆی سەردان

**xliv زانكۆ كورد**

http://www.zankokurd.org/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=1410&Menu=Hewal
2009/08/06 ڕۆژی سەردان


بەشێك لەکاری مەیدانی
ماستەرنامەی نووسەر
خوێندنی ئینگلیزی
لەکوردستاندا لەدوای
1991 تا ٢٠١١ لەسەر:
چۆنێتی، گۆڕینی مەنهەج،
لاوازیەکان، بەهێزیەکان.
قیبلە
د. عومەر عەلی
٢٠١٩
ISBN: 978-1-68454-167-6